
# ستراتیجییەكانی كاری كوردستانی مژدەگەلی سەركەوتنەكانی هەرێمی كوردستانن



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان دەنووسێت

ساڵی ٢٠١٣ بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەكیەوە، بەو هەموو كارەسات و نەگبەتی و ماڵوێرانییەی كە بەدوای خۆیدا هێنای و ئەو گرفت و قەیرانانەی كە رەگیان لە ناخی كۆمەڵگەكانی وڵاتانی ناوچەكە داكوتا و دەرفەتی چارەسەركردنیان لەبەردەمدا نەما بەكۆتا هات، بە تایبەتیش كارەسات و ململانێ و ناكۆكیی تایفی و سەرهەڵدان و دەسەڵاتی میلیشیاكان كە بۆ ستەم و تێكدان هەمیشە وەكو بەكرێگیراو و ئەڵقە لە گوێی دەسەڵاتداران بەربووبوونە گیانی خەڵكی سڤیل و بە هەموو لایەكدا شەلم كوێرم ناپارێزم پەلاماری نەیارانیان دەدا، ساڵی ٢٠١٣ ئەو ساڵەی كە سیاسەتی تیرۆر بە هەموو شێوازەكانییەوە پەرەی سەند، بگرە هەر لە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژكراو و لوغم و خۆكوژیی تا دەگاتە رفاندن و كوشتن بە چەكی بێ دەنگ، بۆیە ئەگەر سەیرێكی وڵاتانی عەرەبی بكەین هەر لە تونس كە ئاستی نارەزایی بەرامبەر حكومەت بەرز بۆتەوە و دواتر لە لیبیاش كە چەندین كاری تیرۆریستی تێدا ئەنجام درا و بەشێك لە مێلیشیاو چەكداران دەستیان بەسەر سەرچاوەكانی سامانی سروشتی و نەوتدا گرت، بەڵام لە میسر كە گەرمترین رووداوی بەخۆیەوە بینی كاتێ گەلی ئەو وڵاتە دەسەڵاتی ئیخوان موسلمینیان وەدەرنا و ئەوانیش تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە خۆپیشاندان و كاری توندوتیژی هەر بەردەوامن، تا ئێستاش كەنداوی عەرەبی لەژێر هەڕەشەی چەند لایەنێكی ئیقلیمی و مەرام خراپدایە، بەڵام لە سوریا ئەوە مەسەلەكە زۆر لەوە ئاڵۆزترە بە تایبەتی كە دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام(داعش)و رێكخراوەكانی دیكەی تیرۆریستان ئەو وڵاتەیان كردۆتە مەیدانی تاوان و ستەم و كۆمەڵكوژی كە ئێستا خەریكە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەكانی رۆژئاوای عێراق دەچەسپێنێ و هەڕەشەش لە بەغدای پایتەخت دەكات، بۆیە پێویستە هەموو لایەك دان بەوەدا بنێن كە ئەو تاوانانەی هێزە تیرۆریستەكان ئەنجامی دەدەن هەر وا بە خۆڕایی سەرناگرێت، بەڵكو دەستێكی دەرەكی و ئیقلیمی و لۆجستی لە پشتە كە سەرچاوەكەی لە ململانێی سیاسیی نێوان هێزەكانە كە وایان كردووەو دەستێوەردانی دەستی دەرەكی بێتە ناو هاوكێشەكە، بەرچاوترین دیاردەش كە هەموومان دەیبینین ئەوەیە كە سەدان كەسی توندڕۆ لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریكا خۆبەخشانە دێنە ریز تیرۆریستانی ناوچەكە، بەڵام نابێ چاو لەوە بپۆشین كە لە راستیدا سیاسەتێكی شاراوەی زۆر لە گەلان و وڵاتانی ناوچەكە لە ئارادایە كە بەرژەوەندیی خۆیان لە هاوكێشەكەدا لەبەرچاو گرتووەو بەپێی ئەجیندای تایبەتیی خۆیان خەریكی پیلان و ئاژاوەنانەوەن، بۆیە ئەگەر پرسیاری ئەوە بكەین بۆچی تاوانەكانی هێزە تیرۆریستەكان هەمیشە بەردەوامن، دەكرێ بەوە وەڵام بدەینەوە كە ئەوە زنجیرەیەكی دیكەی پیلانی ئەو دەوڵەتانەیە كە ململانێی تایفی و ئیتنی نێوان پێكهاتەی گەلانی ناوچەكە دەقۆزنەوەو دەخزێنە نێو سیاسەتی ئەو گەلانەو زەبری خۆیان بە پێی بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان دەوەشێنن.

ئەوەی ئێستا لە دەڤەرەكە دەگوزەرێت بریتییە لە ستراتیجییەتێكی ئەو دەوڵەتانە كە هەمیشە چاویان لە هەڵگیرسانی ململانێ و ناكۆكیی ناوخۆیی و ئیقلیمییە، تەنانەت كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ چارەسەركردن و یەكلایی كردنەوەی كێشەی گەلان هەرگیز بە چەك دەستێوەردان ناكات، بەڵكو دوور بە دووری دەیانەوێ

قەیرانەکە ئاڵۆزتر بکەنـــەوەو پەرتەوازەیی و دووبەرەکی بخەنە نێو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی گەلانی ناوچەکە، ئەو هەوڵە چڕوپڕەی پیلانگێڕان هەر لەو ئاســـتەدا ناوەســـتێت، بەڵکو زیاتـــر پەل دەهاوێژێت بۆ گۆڕینی سیاســـەتی ناوخۆی دەوڵەتان کە بەو ئاراستەیە بێت، رەوشـــی ناوخۆ و حوکمرانی لەق بکەن و تا بکرێت زیانی گیانـــی و ماددی بە گەلان بگەیەنن و ئاگری دووبەرەکی و ململانێ خۆشتر بکەن.

دیارە ئەو دەرفەت قۆستنەوە کە خۆی لە دەستێوەردانی راستەوخۆو ناراســـتەوخۆی وڵاتانی ئیقلیمی و دەرەکی دەنوێنێت ئاماژەیەکی روون و ئاشـــکرایە بۆ لاوازیی و پەرتەوازیی خودی ئەو دەوڵەتانە کـــە ناتوانن سیاســـەتێکی هاوســـەنگ لە نێـــوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگـــە پیادەبکەن ئەنجامی ئـــەم هەڵەیەش ئەوەیە کە رۆژانە قوربانییەکـــی زۆری گیانی و زیانێکی بێ شـــوماری ماددی دەکەوێتـــەوە، بۆیە وا پێویســـت دەکات کە هەر دەوڵەتێك ئەو جۆرە کێشـــەیەی تێدایە چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوەو نەکەوێتە ژێر رکێفی وڵاتانی دیکە بە ناوی هاوپەیمانێتی یان دراوســـێتی کە رەنگـــە ئەم ئەنجامە خراپانەی لـــێ بکەوێتەوە کە بە چاوی خۆمان دەیبینین، هاوکات پێویســـتە ئەو وڵاتانە بەرەی ناوخۆیان قایـــم و تۆکمە بکەن، لێرەدا وا دەخوازێت هەرێمی کوردســـتان بە نموونە بێنینەوە کە تا رادەیەکی زۆر ســـەرکەوتنی بەدەست هێناوە ئەویش بە زاڵبوون بەســـەر هەموو ئەو کێشـــانەی کە دێنە بەردەم حکومەتی هەرێـــم، دوای ئەوەی توانـــی بنەماکانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دامەزراوە دەســـتوورییەکان بچەسپێنێت، بۆیە بە بەراورد لەگـــەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق و خودی پایتەختەکەی، دیارە هەرێمی کوردستان زۆر بەتەواوی توانیویەتی قەوارەی توخیبەکەی لە شـــەڕی شـــەڕانگێز و تیرۆریســـتان بپارێزێت، پەیوەندییەکی ســـاغ و دروســـتیش لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە بنیات بنێت، ئەوەش بۆ سیاســـەتی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە خێرخواز و نیشتمانپەروەرەکان دەگەڕێتەوە، گوتاری رۆشـــنبیریی هەرێمی کوردستان و پەرۆشـــیی گەلی کوردستان بە جیاوازیی بیروبۆچـــوون و ئایدیۆلۆجییەتی جیاجیا، فاکتەری ســـەرەکین لە ئەزموونی ســـەرکەوتووی هەرێمدا، هاوکات رۆڵی دامەزراوەو دەزگاکانی ئاســـاییش گرنگییەکی بەرچاو و دیاری هەیە لە پاراستنی ئەم ئەزموونەدا، بۆیە سەرنجی ئەوە دەدەین کە رێژەی نەخوێندەواری و بێکاری و هەژاری تا رادەیەکی بەرچاو و پەسندکراو دابەزیوەو هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی پێشکەوتووی بیناســـازی و ئاوەدانی و بووژاندنەوە بەخـــۆوە دەبینێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکە بۆ زیاتر ســـەقامگیریی بارودۆخەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو وڵاتانە مەبەستیان بێت گەلەکانیان چیدیکە لـــەو مەینەتی و کاولکارییەدا نەژین و بـــە ژیانێکی ئارام بگەن کە ســـەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیان بگەنە کەناری ئاشـــتی و ئارامی، پێویســـتە لەسەریان رەچاوی ســـتراتیجیەتی هەرێمی کوردســـتان بکەن، کە خودی کوردســـتانیش دەبێت زیاتر پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکات:

١. بەهێزکـــردن و تۆکمەکردنی کاروانی ئابـــووری ئەویش بەپێی پلانەکانـــی چاکســـازی و دامەزراندنی پـــرۆژەی وەبەرهێنان لە بوارەکانی کشـــتوکاڵ و پیشەســـازیدا کە هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی پێیەتی.

٢. بەرزکردنەوەی ئاســـتی خوێندنی بنەڕەتـــی و زانکۆیی و فراوانکردنی دەزگاکانی رۆشـــنبیری و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ پێشخستنی ئەم بوارە.

٣. بـــە تەواویی بایەخ بە پەرەپێدانـــی دامەزراوە حکومییەکان بدرێـــت، لەوانە دامـــەزراوەی ئەمنی و ســـەربازی و هەر لەم بوارەشـــدا ســـوود لە ئەزموونی هێزی دەرەکـــی وەربگیرێت و پەیوەندیی دروســـت لەســـەر بنەماکانی بەرژەوەندیی هاوبەش دابمەزرێنن.

٤. سیستەمی پێشکەوتووی حوکمی باش بۆ دەزگا حکومییەکان دابین بکرێت، ئەویش بە پشت بەستن بە تەکنوکراتان و بایەخدانی تایبەت بە پەرەپێدانی مرۆیی بە هەموو شێوازەکانییەوە.

٥. مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ دۆســـێی قەیرانـــەکان بەپێـــی ســـتراتیجیەتێکی دروســـت، هەروەها پشـــت بە مەڵبەندەکانی توێژینەوەو پەیوەندیی کراوە ببەســـترێت لەگەڵ هێز و پێکهاتە هەمەجۆرەکانی میللی.

٦. رێگـــە نەدرێت پیاوخـــراپ و شـــەڕخوازان دزە بکەنە نێو کۆمەڵگەی کوردستانییەوە بە تایبەتی ئەوانەی لەژێر پەردەی ئایینەوە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان دەخەنە مەترسییەوە.

٧. بەهێزکردنـــی پەیوەندیی نێودەوڵەتـــی بەپێی بەرژەوەندیی و ستراتیجییەتێکی چەسپاو.

ئەو خاڵانـــەی ئاماژەمان پێکـــردن بەڵگەی ئـــەوەن کە هەر دەســـتکەوتێك چ لە مەودایەکی نزیك بێت یان دوورمەودا بەبێ پلان و بەدواداچوونی ستراتیجییەت هەرگیز نایەتەدی، هاوکات ئەوەی مایەی مژدەبەخشـــییە پێویستە بە شێوەیەکی سەرەکی پشـــت بە بەکارهێنانی عەقڵی زانســـتی ببەسترێت و بایەخ بە مەڵبەندەکانـــی توێژینـــەوە و گۆڕانکاریی لە بواری خوێندنی بنەڕەتی و زانکۆیی بدرێت لەگەڵ کردنەوەی بواری وەبەرهێنان نەك تەنیا تایبەت بێت بە خانووبەرە، بەڵکو سەرجەم هونەرەکانی دیکـــەی چاندن و پیشەســـازی و بازرگانـــی و ژینگەیی و بەرهەمهێنانـــی بەروبوومـــی ســـتراتیجی و لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکانی مرۆڤی کوردســـتانی ئەویـــش بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تەندروســـتی و پەروەردەیی، بۆیە مایەی شـــانازییە کە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەرێمی کوردستان هەمیشە سەربەرزە بەوەی کە توانیویەتی بە هەموو توانا مرۆیی و مادییەکانی خۆیەوە بگاتە ئەو ئاســـتەی کە لەنێو دەوڵەتان و ناوەندەکانی جیهاندا حسابی هەرێمێکی سەرکەوتووی بۆ بکرێت بە تایبەتی بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و تا ئێستا هەمیشە لە پێشـــکەوتن و پەرەپێداندایە لە هەموو بوارە گرنگەکانی ژیان و ئومێد و گەشـــبینیەکی تەواویش لە ئارادایە کە لە ســـاڵی ٢٠١٤ دا هەنگاوی تۆکمەتر و زانســـتیانەتر بهاوێژێت بۆ زیاتر خۆشگوزەرانیی گەل و بوژاندنەوەی کایە و بنەما جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەپێی ســـتراتیجییەتێکی زانســـتی و عاقڵمەندانەی ســـەرکردایەتیی سیاســـی و ئیداری کە کار بۆ زیاتـــر بەدامەزراوەیی بنیات و ژێرخانی هەرێمی کوردســـتان دەکات.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد**

**پێویستە هەموو لایەک دان بەوەدا بنێن کە ئەو تاوانانەی هێزە تیرۆریستەکان ئەنجامی دەدەن دەستێکی دەرەکی و ئیقلیمی و لۆجستیان لە پشتە کە لە ململانێی سیاسیی نێوان هێزەکانەوە سەرچاوە دەگرێت**

**هەرێمی کوردستان هەمیشە سەربەرزە بەوەی کە توانیویەتی بە هەموو توانا مرۆیی و مادییەکانی خۆیەوە بگاتە ئەو ئاستەی کە لە ناوەندەکانی جیهاندا حسابی هەرێمێکی سەرکەوتووی بۆ بکرێت**

**گەشبینیەکی تەواویش لە ئارادایە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا هەرێمی کوردستان هەنگاوی تۆکمەتر بهاوێژێت بۆ زیاتر خۆشگوزەرانیی گەل و بوژاندنەوەی کایە و بنەما جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی**


amazonkindle

## حکومڕانی زیرەک و
## قۆناخی پۆست ئایدۆلۆژیا لەسەدەی بیست و یەکدا

# ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، چالاکی بەردەوام بۆ حکومەت فەراهەم دەکات



((لەو بڕوایەدام لە سەدەی بیست و یەک مەعریفە دەبێتە ژێرخانی ئابووری و شێوازی حکومڕانی دیاری دەکات، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان مەعریفە بڵاوبۆتەوە، نەک لە نێو وڵاتاندا، بەڵکو لە نێو وڵاتەکەشدا لە نێوان هاووڵاتیانی ئاسایی و سیاسییەکاندا، بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتی حکومڕانی وڵاتەکە دەبێت، واتە خەڵکانێکی زیاتر قسەیان دەبێت لەسەر ئەوەی چۆن حکومڕانی بکرێن، بەڵام ئایا ئەمە چۆن ڕوودەدات، ئێمە نازانین، بەڵام ئایا ڕاپرسیەکی زۆر لەسەر ئەنتەرنێت دەکرێت کە خەڵکی حوکمی تێدابدەن؟ ڕەنگە ئەمە نەکرێت، بەڵام دڵنیام لەوەی حکومەت چەندین ڕێگە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکدا بکات و بۆچوونیان وەربگرێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کارەی دەیکەن، کەواتە دیموکراسی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، ڕەنگە تەنیا پرسی حکومڕانی لە پەرلەمان و هەڵبژاردن و پارتە سیاسییەکان چڕنەبێتەوە و بەرەو ڕاوێژکردن بە هاووڵاتیان و کۆکردنەوەی زانیاری هەنگاو بنرێت. بەڵام هێشتا چەندین ئەگەر هەن کە هێشتا تاقینەکراونەتەوە)).



پرۆفیسۆر میک مۆر بۆ گوڵان

لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و پاشتریش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، زۆربەی بیرمەندانی جیهان مەزندەیان بەو جۆرە بوو شێوازی حکومڕانی سیستمی لیبرال دیموکراتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئیدی سیستمی لیبرال دیموکراتی دەبێتە شێوازە پەسەندەکەی حکومڕانی لەسەرانسەری جیهاندا، لە نیوەی دووەمی نەوەدەکان ئەم ئومێدە لەوڵاتانی بەلکان و دەوڵەتە تازەکانی سۆڤیەتی پێشوو جۆرێك لە نائومێدی دروستکرد، لەبەر ئەوەی بە تەنها بە میکانیزمی هەڵبژاردن سیستمی دیموکراتی نەهاتە ئاراوە، ڕاشکاوانەتر لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی ژێرخانی دەستوورێکی مەدەنی لیبرالی نەبوون، پرۆسەی هەڵبژاردن بەرەو سیستمی لیبرال دیموکراتی نەخۆشی (illiberal democracy) بردن، بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیەی سیستمی لیبرال دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بیر لەوە کرایەوە دەبێت پیادەکردنی دیموکراتی ببێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی حکومڕانی باش، ئەم حکومڕانی باشەش دەبێت لەسەر بنەمای ئەو ژێرخانە سیاسییە بێت کە سیستمی لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوای لەسەر بونیاتنراوە، ئەم بۆچوونەش بەتەواوەتی لە بەیاننامەی هەزارەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە و کراوە بەمەرجێك بۆ دەوڵەتانی بەخشەر و بانکی دراوی نێودەوڵەتی و بانکە جیهانیەکانی دیکە، کە لەسەر بنەمای حکومڕانی باش قەرز بدرێتە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو دەوڵەتانەی کە لە قۆناخی ڕاگواستنن بەرەو دیموکراتی. کەواتە هەتا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم و پێش ئەوەی سیستمی لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوا دووچاری ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیە بێتەوە، سیستمی لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوا وەك پەسەندترین سیستمی حکومڕانی لە جیهاندا سەیر دەکرا.

بەڵام لەدوای دروستبوونی ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیە و دروستبوونی تێڕوانینی حزبایەتی تەسك لە نێوان هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی لە ئەمریکا و لەگەڵ دروستبوونی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی سەرانی یەکێتی ئەورووپا لە برۆکسل لەناو شەقامی سیاسی نیشتمانی وڵاتانی ئەو یەکێتیە و باڵابوونی دەنگی نارەزایی دژی گلۆبالیزەیشن، هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتانی وەك تورکیا و بەرازیلیش کە لەدەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە گەشەیەکی گەورەیان بەخۆوە بینی و ئێستاش لە هەردوو ئەو وڵاتە هەست دەکرێت دەنگی نارەزایی هاووڵاتیان بەرز دەبێتەوە، ئەمانە وەك واقیع کۆمەڵێك ڕاستی تازەیان خستەڕوو کە پێویستە هەموو حکومەتەکانی جیهان لەبەر چاوی بگرن و لەسەروو هەمووشیانەوە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوا

که لەو مەزندەیە بوون ئەوان سەرکەتووترین شێوازی حکومڕانیان پیادە کردووە، کاتی ئەوە هاتووە دان بەو راستیە بنێن کە سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاواش دەبێت هاوشانی ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایە بێت کە ئەم سەدەیە بەخۆیەوە دەبینێت، دەبێت ئامادەباشبن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن هاوشانی ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایە گۆڕانکاری بکەن، ئەوجا ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە گەورە خێرایە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی ناچار بکات ئامادەباش بن بۆ گۆڕانکاریی، مانای ئەوەیە ئەمڕۆ نەك تەنها ئاڵوگۆڕی هێز و ئاڵوگۆڕی هێزی ئابووری لە نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەهەمان شێوە ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە شێوازی تازەی حکومڕانی دروستکردووە و هەموو شێوازەکانی حکومڕانیش رووبەڕووی هەمان ئەو تەحدیانە دەبنەوە کە لەم قۆناخە مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت، سەبارەت بەم لایەنە هەردوو پرۆفیسۆر نیکۆلاس بیرگن و ناتان گاریلیس لە کتێبەکەیاندا بە ناونیشانی (حکومەتی زیرەك بۆ سەدەی بیست و یەك: رێگەی ناوەند لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا - Intelligent Governance for the 21st Century: A Middle Way between West and East)، راشکاوانە ئاماژەیان بەوەکردووە، ئەگەر سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی بە درێژایی ٢٠٠ ساڵ وەك باشترین سیستمی حکومڕانی خۆی وێنا کردبێت و هیچ رکابەرێکی نەبووبێت، ئەوا ئەمڕۆ ئەم بۆچوونە لەژێر پرسیاردایە و دیموکراتی لە رۆژئاوا لە تەنگژەدایە و پێویستە دووبارە خۆی بسەلمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چیدیکە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا، دەوڵەتی پیشەسازی بێ رکابەر نین و داهاتی تاکەسی ئەو وڵاتانە بەرزترین داهاتی تاکەکەس نین لە جیهاندا، لەمەش گرنگتر ئەوەیە حکومەتەکانی رۆژئاوا ئێستا کەوتوونەتە نێوان جەمسەرگەری حزبە سیاسییەکانەوە.

پرۆفیسۆر نیکۆلاس بیرگن لە کۆڕێکدا سەبارەت بەم کتێبە تازەیەی کە لە ئامۆژگای ئەپسن بۆی رێکخراوە، ئاماژە بەوە دەکات ئەمڕۆ لە جیهاندا کۆمەڵێك تەحددی رووبەڕووی هەموو شێوازەکانی حکومڕانی بوونەتەوە، ئەوانیش بریتین لە تەحددیەکانی (گلۆبالیزەیشن، گۆشەگیری، سۆشیال میدیا، گۆڕانکاری لە شێوازی پەیوەندیکردندا)، ئەم تەحدییە هاوبەشانە بایەخی کەلتوری لە شێوازی حکومڕانی کەمکردۆتەوە، ئەوەی شێوازی حکومڕانی سەرکەوتوو دیاری دەکات، ئەو بەرنامە و چوارچێوە سیاسییەیە کە لەگەڵ ئەم تەحددیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەمبارەوە ئاماژە بە نموونەی سیستمی حکومڕانی هەردوو ئەڵمانیای رۆژئاواو ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێش رووخانی دیواری بەرلین و هەردوو کۆریای باکور و باشووری ئێستا دەکات، بەوەی لەگەڵ ئەوەی هەردوو نەتەوەی کۆریا و ئەڵمانیا خاوەنی یەك کەلتور و یەك زمان بوون، بەڵام دوو شێوازی جیاوازی حکومڕانیان پیادە کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی شێوازی حکومڕانی دیاری دەکات، کەواتە ئەو میکانیزمەی لەهەموو جیهاندا ژیانی هاووڵاتیان بەرەو باشتر دەبات سیاسەتی حکومڕانیە، ئەم سیاسەتی حکومڕانیەش لەبەر ئەوەی لەسەدەی بیست و یەکەم سەدەی گلۆبالیزەیشنە و چەمکەکان بە ئاسانی لەسەرانسەری جیهانەوە بە ئاسانی دەگوازرێتەوە، ئەوە حکومڕانی زیرەك ئەوەیە کە سوود لەهەموو بیروبۆچوونەکان وەربگرێت و خۆی لە جەمسەرگری و سیاسەتی حزبایەتی تەسك دووربخاتەوە.

## به ئەقڵیەتی سەدەی بیست حکومڕانی ئەم سەردەمە بەڕێوەناچێت

ئەگەر کۆتایی سەدەی بیستەم لەگەڵ ئەم دەیە و نیوەی سەدەی بیست و یەك بەراورد بکەین، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایەی لەماوەی ئەو ١٤ ساڵە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لەماوەی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی هەتا کۆتایی هاتنی شەڕی سارد گۆڕانکارییەکانی جیهان تارادەیەکی زۆر گۆڕانکاری لەسەرخۆ بووبن، ئەوا لەگەڵ دەسپێکی سەدەی بیست و یەك گۆڕانکارییەکان زۆر خێران و ئەم گۆڕانکارییانەش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە و زیاتر هەموو پارچەکانی جیهان کاریگەری لەسەر یەکتری دروست دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەی ژینگەی سیاسەتی حکومڕانی لەسەدەی بیست و یەکەم خۆی بەشێکە لە گۆڕانکاری و پێویستە هەموو پێکهاتەکانی حکومڕانی ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێت کە بڕیار بدەن بەڕووی ئەو گۆڕانکارییە بکرێنەوە، بەواتایەکی دیکە ئێستا سیاسەتی حکومڕانی گۆڕانکاری دروست ناکات، بەڵکو سیاسەتی حکومڕانی زیرەك ئەوەیە ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێت کە بڕیار بدات بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو گۆڕانکاریە تازانە ببێتەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە خواست و داخوازی خەڵك لەهەموو دەوڵەتانی جیهاندا رۆژ لە دوای لە هەڵکشاندایە، ئەم هەڵکشانەش وایکردووە خەڵك داواکاری زیاتر رووبەڕووی حکومەت بکاتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر سیاسەتی حکومڕانی ئەو ئامادەباشیەی نەبێت بەڕووی ئەم داواکارییانە بکرێتەوە و ئەوا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاری لە

**دەبێت پیادەکردنی دیموکراتی ببێتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی حکومڕانی باش، ئەم حکومڕانی باشەش دەبێت لەسەر بنەمای ئەو ژێرخانە سیاسییە بێت کە سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوای لەسەر بونیاتنراوە**

هـــۆكاری پەیوەندی كردن و تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان، زۆر بە زوویی بڵاو دەبێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا كە ماوەی ١٨ساڵ حزبەكەی لە ئۆپۆزســیۆن بووە و سێ جار وەك سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هەڵبژێردراوەو حزبەكەشی ٤جار لەسەر یەك هەڵبژاردنی بردۆتەوە، ســەبارەت بەم گۆڕانكارییە لە موحازەرەیەكدا كە لەســاڵی ٢٠١١ لە سەنتەری لی كوان یو بۆ سیاســەتی گشتی لە سەنگافورا پێشكەشی كردووە، ئاماژە بەوە دەكات كاتێك لەساڵی ١٩٩٧ چوومە تین داون ستریت تەلەفۆنی مۆبایل لوتكەی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیابوو، بەڵام كە لەساڵی ٢٠٠٧ ئۆفیسی سەرۆك وەزیرانم بەجێهیشت، كوڕەكەم تەمەنی ١٠ ساڵ بوو ئامێری ئایپادی پێ وتم كە لەناو ئەو ئامێرە دەیان ئەپلیكەیشـــن هەیە و ئەو بەمن دەڵێــت وەرە ئەم هەواڵە گرنگەت پێ بڵێم، بۆیە ئەم وەرچەرخانە وایكردووە بە رێگەی سۆشیال میدیا خەڵك بزانێت خەڵكی دیكە لەوڵاتانی دیكە چۆن دەژین و ئاســتی ژیان لەگەڵ ئاستی گوزەرانی خۆی بەراورد دەكات، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی:

١. خواستی داواكاری خەڵك بەردەوام هەڵبكشێت. خەڵك داواكاری دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە حكومەت یان ئەو بەرپرسانەی لە پۆستە گشتیەكانن چۆن بڕیار دەدەن.

٢. چەمكــی حكومڕانی لەم ســەردەمە گۆڕانكاری بەســەردا هاتووە، ئەمــەش واتە مەزنــدەی خەڵك بۆ حكومەت و حكومڕانی ئەوەیە، كە پێویستە وەڵامدانەوەی هەبێت، لەمەش گرنگتـــر مەزندەی خەڵك لە حكومەت بەو جۆرەیە كە پێویستە حكومەت ئەو ئامادەباشیەی تێدا بێت هاوشانی هەڵكشانی خواستەكان بڕوات و سیاسەتی حكومڕانی لە ئاستی ئەو هەڵكشانە خێرایەدا بێت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم دووخاڵە و لە تێڕوانینی خەڵك بۆ حكومڕانی ئەم سەردەمە، ئەوا ئەگەر حكومەت نەتوانێت هاوشــانی هەڵكشــانی خواستەكان سیاســەتی خۆی دابڕێژێت و نەتوانێت لەنێو ئــەو گۆڕانكارییە گەورەیە بڕیار بدات، ئەوا ئەوە روودەدات كە لە گۆڕانكارییەكانی وڵاتانــی عەرەبی بینیمــان، تۆنی بلێر ســەبارەت بەو گۆڕانكارییانە دەڵێت: ئەوا باشــە گۆڕانكاری دروست بووە، بەڵام ئــەوەی گرنگە ئەوەیە چــۆن بارودۆخەكە رێكدەخرێتەوە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای وڵاتانی عەرەبی بۆتە پارچەیەك لە ناسەقامگیری و كۆی پرۆسە سیاسییەكەی ناسەقامگیر كردووە.

هەتا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم و پێش ئەوەی سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا دووچاری ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیە بێتەوە، سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا وەک پەسەندترین سیستمی حکومڕانی لە جیهاندا سەیر دەکرا

حکومڕانی زیرەک ئەوەیە کە سوود لەهەموو بیروبۆچوونەکان وەربگرێت و خۆی لە جەمسەرگری و سیاسەتی حزبایەتی تەسک دووربخاتەوە

## راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەتدا

لایەنێكــی دیكە كە ئەم گۆڕانكاریەی لە سیاســەتی حكومڕانی دروستی كردووە ئەوەیە؛ خەڵك دوو تێڕوانینی جیــاوازی بۆ كەرتی گشــتی و تایبەت هەیە، ئەمەش واتــە كەرتی تایبەت بۆ قازانجە و كەرتی گشــتی بۆ خزمەتگوزارییــە، لــەم حاڵەتەدا خەڵــك دەخوازێت ئەو خزمەتگوزارییەی كەرتی تایبەت بە پارە و بە ئاســت و كوالێتی بەرز پێشكەشــی دەكات، لە كەرتی گشتیشدا كە ئەركی پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە جیاوازییەكی گەورە نەبێت، راشــكاوانەتر ئەگــەر وڵاتی خۆمان بە نموونە بهێنینــەوە ئەوا دەكرێت ئاماژە بەچەند لایەنێكی گرنگ بكەین:

١. ئێستا لە هەرێمی كوردستان و لەبواری پەروەردە دوو جۆر خوێندن هەیــە، خوێندنێكیان لەلایەن حكومەت یان كەرتی گشــتیەوە بەڕێوە دەچێت و شێوازێكی دیكەش كەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی خوێندن لەلایەن كەرتی گشــتی و كەرتــی تایبەتەوە، هەســت دەكەین هەردوو كەرتەكە بەشێوەیەكی گشتی هەمان پرۆگرامی خوێنــدن پیادە دەكەن كە وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان پەســەندی كردووە، كەواتە پرۆگرام یەك پرۆگرامــە، جیاوازییەكە ئەوەیە ئــەو تەكنیكەی لە قوتابخانــە و كۆلیژ و زانكۆكانــی كەرتی تایبەت بەكاردەهێنرێت لە قوتابخانە و كۆلێژ و زانكۆكانی كەرتی گشتی بەكار ناهێنرێت، هەر بۆ نموونە لە قوتابخانەیەكی كەرتــی تایبەت شــێوازێك لە تەكنیكــی تەكنەلۆژیا بەكاردەهێنرێت كە لەچاو تەكنەلۆژیای كەرتی گشــتی زۆر پێشــكەوتووترە، هەروەها كاتژمێرەكانی خوێندن لە قوتابخانەكانــی كەرتــی تایبەت زیاترە لــە كاتژمێری خوێندنی كەرتی گشتی، ژمارەی قوتابیانی كڵاسێكی كەرتــی تایبــەت زۆر كەمترە لە ژمــارەی قوتابیانی كڵاسێكی كەرتی گشــتی، ئەمەش كاریگەری بەرچاو لەسەر پەروەردەكردن و ئاستی خوێندنی قوتابیان دروست دەكات.

٢. هەروەها لە هەرێمی كوردستان ئێستا كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت هەردووكیان خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەش دەكەن، دیســان ئەگەر بە وردی سەیر بكەین هەست دەكەین ئەو جیاوازییەی لە شێوازی بەڕێوەبردنی پەروەردە لەنێوان كەرتی گشــتی و تایبەت بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لە خزمەتگوزاری تەندروستیش لەنێوان ئەو دوو كەرتە بوونی هەیە.

٣. ئەگەر سەیری پاككردنەوەی هەرێمی كوردستان بكەین، كە دیســان كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت هەردووكیان ئەم خزمەتگوزارییە پێشكەش دەكەن، بە تایبەتی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێك لەمەو پێش، هەست دەكەین جیاوازییەكە هێنــدە گەورەیە كــە حكومەتی هەرێمی

کوردستان هەموو ئەم خزمەتگوزارییەی بە کەرتی تایبەت سپاردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەرکەوت ئەو تەکنیکەی کە کەرتی تایبەت لە پاککردنەوەی شارەکانی کوردستان بەکاری دەهێنێت، باشـــترە بگوازرێتەوە بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان و هەروەها بۆ ناوچە گەشتیارییەکانیش.

ئەم چەند خاڵە لە خزمەتگوزاری سەرەکی کە لە هەرێمی کوردستان بوونەتە هاوبەش لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لە واقیعدا جیاوازیان هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لانی کەم هەوڵنەدات هاوسەنگیەك لە کوالیێتی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکان دروست بکات و نزیکـــی نەکاتەوە لەو خزمەتگوزارییەی کەرتی تایبەت پێشکەشی دەکات و هەروەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا کاتێك قوتابیەك لە قوتابخانەیەکی کەرتی گشتی خۆی لەگەڵ قوتابیەکی قوتابخانەیەکی کەرتی تایبەت بەراورد دەکات، یان کاتێك نەخۆشێك کە دەچێتە نەخۆشخانەیەکی کەرتی گشتی و هەســـت دەکات چاودێری تەندروستی هاوتای نەخۆشـــخانەکانی کەرتی تایبەت نییە، یان ئەو تەکنەلۆژیایـــەی لە نەخۆشـــخانەکانی کەرتی تایبەت بەکاردەهێنرێت لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی بوونی نییە، ئەوا گازندەی لێ بەرز دەبێتەوە و هەســـت دەکات مافـــی پێشـــێلکراوە، بەڵام ئەگەر ئەو پرســـیارە بکەین ئایا هۆکاری هەڵکشـــانی ئەم خواســـتانە بۆ بەرزتر لە ئاستی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەرتی تایبەت پێشکەشی دەکات چییە؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی حکومـــەت بۆ پەرەپێدان و بایەخـــدان بە کەرتی تایبەت دروســـتی کردووە، لەبەرامبەر ئەم وەڵامە پرســـیارێکی دیکە دروست دەبێت، ئایا ئەم سیاسەتی حکومڕانیەی کە بایەخ بە پەرەپێدان و کەرتی تایبەت دەدا هەڵەیە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارەش ئەوەیە نەخێر هەڵـــە نییە، بەڵکو لایەنی ســـلبی کە لەم حاڵەتە دەرکەوتووە ئەوەیە هاوســـەنگی لەنێوان کەرتی گشـــتی و کەرتـــی تایبەت بوونی نییە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگیە دروست بێتەوە، پێویستە حکومـــەت هەوڵبدات ئەو تەکنیکەی بـــۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییـــەکان لە کەرتی تایبـــەت بەکاردێت، بە هەمان شێوە لە کەرتی گشتیش بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئاســـتی خزمەتگوزارییەکان بەرز بێتەوە، ئەمە بۆ کاری دامەزراوەیی ناوخۆی دامەزراوەکانی حکومەتیش راستە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ســـەیری شـــێوازی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایـــەك بکەیـــن کە بـــەچ جـــۆرە تەکنەلۆژیا و تەکنیکێـــك هەڵدەســـوڕێت، ئەوا بە ئاشـــکرا دیارە ئەو تەکنەلۆژیـــاو تەکنیکەی لە هەڵســـوڕانی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایـــەك بەکاردەهێنرێـــت تازەتر و پێشـــکەوتووترە وەك ئەوەی لە هەڵســـوڕانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی حکومەتدا بەکاردەهێنرێـــت. ئەم جیاوازییە لە تەکنیك و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیـــای تازە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کاری دامەزراوەکانی حکومەت رۆتین و بیرۆکراسیەتی زیاتر بێت وەك لـــەکاری کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەڵك لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کەرتی گشـــتی بێزار بێـــت و رووبکاتە خزمەتگـــوزاری کەرتـــی تایبەت، لەم حاڵەتەشـــدا کە هەموو هاوولاتیـــەك ناتوانێت پەنا بـــۆ کەرتی تایبەت بەرێت، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی جیاوازی و خەڵکیش لەســـەر ئەم جیاوازییـــە گازندە و نارەزاییان دەبێت، دروستبوونی ئەم حاڵەتە کە بەرهەمی بەرنامەی حکومەتێکە کە دەیەوێت وڵاتەکەی خۆی ئاوەدانبکاتەوە، لە دیدی ئەو خەڵکەی کە رووبەڕووی ئەم لایەنە سلبیە دەبێتەوە بەو شێوە گشـــتگیرە سەیر ناکرێت کە بایەخدان بە کەرتی تایبەت بۆ ئـــەوەی ئەرکی حکومەت کەمتر بێتەوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری باشـــتر پێشکەش بکات، بەڵکو بەوجۆرە سەیر دەکرێت حکومەت ناتوانێ وەڵامی خواستی خەڵك بداتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پەرەپێدانی بەردەوام لەم وڵاتە بکەوێتە ســـەر شـــارێی خۆی، ئەوا دەبێـــت لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە لە ئاســـتی ژیان و پێشـــکەوتن ئامادەباشـــی ئەوەی هەبێت کە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییـــە مامەڵە بکات و تەنهـــا بیر لەوە ناکاتەوە حکومەت چی پێباشـــە بیکات، بەڵکو دەبێت ئامادەبێ گوێ بگرێـــت هاووڵاتیان چیان دەوێـــت بۆیان بکات، گوێگرتنیش بەو مانایە نییـــە هەرچی داواکرا بکرێت، بەڵکو بەو مانایەی گوێ لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان بگیرێت و پاشـــان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو داواکاریانە دەکرێت و چۆن بڕیار دەدرێت.

## حکومڕانی زیرەك و هەرێمی کوردستان کابینەی هەشتەم وەك نموونە

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە لەپرۆسەی پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانین، زۆر گرنگە بە هەنـــد وەرگرتنی چەمکی حکومڕانی زیرەك لەبەر چاو بگیرێت، لەبەر ئـــەوەی خاڵی گەوهەری لە حکومڕانـــی زیرەکدا ئەوەیە کە حزبە سیاســـییەکان دان بەوەدا بنێن کە حکومڕانی زیرەك لەسەرووی ئایدۆلۆژیای حزبییەوە سەیردەکرێت و دەبێت تێکڕای حزبە سیاسییەکان کە ئێســـتا لە وتووێژدان بـــۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ئـــەو راســـتیەیان لەبەر چاو بێت کە جەمســـەرگیری و پیادەکردنی حزبایەتی تەســـك، نەك هەر بۆ وڵاتی ئێمە کارەسات دروســـت دەکات، بەڵکو ئەم فاکتەرە تەنگژەی بۆ تەواوی سیســـتمە لیبـــراڵ دیموکراتەکانی رۆژئاواش

ئێستا سیاسەتی حکومڕانی گۆڕانکاری دروست ناکات، بەڵکو سیاسەتی حکومڕانی زیرەک ئەوەیە ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێت کە بڕیار بدات بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو گۆڕانکاریە تازانە ببێتەوە

ئەگەر حکومەت نەتوانێت هاوشانی هەڵکشانی خواستەکان سیاسەتی خۆی دابڕێژێت و نەتوانێت لەنێو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە بڕیار بدات، ئەوا ئەوە روودەدات کە لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بینیمان



**خاڵی گەوهەری لە حکومڕانی زیرەکدا ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکان دان بەوەدا بنێن کە حکومڕانی زیرەک لەسەرووی ئایدۆلۆژیای حزبییەوە سەیردەکرێت**

**ئەگەر لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم تورکیا و بەرازیل لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو گەورەترین سەرکەوتنی ئابووری و سیاسییان بەدەستهێنابێت، ئەوا ئەو جەمسەرگیری و سیاسەتەی حزبایەتی تەسک خەریکە ئەوانیش دەخاتە مەترسییەوە**

دروستکردووە و بە ئاستێك کاریگەری نەرێنی لەسەر دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا دروستکردووە کە چیتر نەتوانێت سەرکردایەتی جیهان بکات، کاریگەری نەرێنی ئەوتۆی لەسەر فیدراسیۆنی ئەوروپا دروستکردووە کە لەبری ئەوەی ئەم فیدراسیۆنە زیاتر نەتەوەکانی ناو فیدراسیۆنەکە لێك نزیك بکاتەوە، کەچی دووریان دەخاتەوە، خۆ ئەگەر سەیری تورکیاش بکەین کە نزکترین دەوڵەتی دیموکراتی دراوسێمانە، ئەوا ئەو کێشانەی روودەدەن لەبەر ئەوە نییە حکومەت ئەدای خراپە، بەڵکو هۆکارەکەی جەمسەرگیری و سیاسەتی حزبایەتی تەسکە، ئەم دیاردەیەشمان بە ئاشکرا لە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا لە هەمبەر خۆپیشاندانەکانی پارکی جیزی لە ئەستەنبووڵ و هەروەها دروستکردنی دەوڵەت لەناو دەوڵەت لەلایەن لایەنگرانی گولەنیەکان بینی، بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم تورکیا و بەرازیل لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو گەورەترین سەرکەوتنی ئابووری و سیاسییان بەدەستهێنابێت، ئەوا ئەو جەمسەرگیری و سیاسەتەی حزبایەتی تەسك خەریکە ئەوانیش دەخاتە مەترسییەوە.

ئەم خاڵە بەرادەیەك گرنگە لەبەر چاو بگیرێت کە دروستکردنی جەمسەرگیری و پیادەکردنی سیاسەتی حزبایەتی تەسك لەپرۆسەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئاستێك رووبەڕووی مەترسیمان دەکاتەوە کە هەموو دەسکەوتەکانمان بخاتە مەترسیەوە و لەمەش زیاتر پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان دوور دەخاتەوە کە بە مانا سیاسییەکەی بوونی کورد لە جیهاندا دەسەلمێنێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا کاتێك داوا دەکرێت لە سیاسەتی حزبایەتی تەسك و جەمسەرگیری دوور بکەوینەوە و هەوڵبدەین لەم قۆناخە حکومڕانی زیرەك پیادە بکرێت مانای چیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دیاری دەکەین:

* وەك لەسەرەتاوە چەمکی حکومڕانی زیرەکمان ئاماژە پێکرد، حکومڕانی زیرەك واتە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورە و خێراکانی سەردەم و چۆنیەتی بڕیار دروستکردن و بڕیاردان لەنێو ئەو گۆڕانکارییەدا، ئەوا ئاشکرایە ئەگەر بۆ هەموو جیهان گۆڕانکارییە گەورە و خێراکان پەیوەندی تەنها بە ئاستی گوزەران و نەهێشتی هەژاری و چاودێری تەندروستیەوە هەبێت، ئەوا بارودۆخی ئێستای کوردستان لەنێو ئەم گۆڕانکارییە گەورە و خێرایەدا پەیوەندی بە ئاییندەی بوونی نەتەوەیەکەوە هەیە.

* لەنێو ئەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ئێستا ناوچەکە پێی تێدەپەڕێت، لایەنی کوردستانی وەك یەکێك لەیاریزانەکانی نێو ئەم گەمە سیاسیی و دیپلۆماتیە سەیر بکەین و لەگەڵ یاریزانە دەوڵەتیەکانی دیکە بەراوردی بکەین، ئەوا کوردستان وەك یاریزانێك لەنێو ئەم گەمەیە ئەزموونی دیپلۆماتی دەوڵەتی و بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی لەسەر ئاستی دەوڵەتی لە ئەزموونی یاریزانەکانی دیکە کەمترە، هەروەها بەرژەوەندی یاریزانەکانی دیکە لەسەر ئاستی ناوچەیەك و جیهان لەبەرژەوەندی کوردستان زیاترە، بۆیە لەم حاڵەتە دەبێت کابینەی هەشتەم تەنها جەخت لەسەر حکومڕانی باش نەکاتەوە، بەڵکو دەبێت حکومڕانی باش بکاتە بەشێك لەنێو پرۆسەی حکومڕانی زیرەك و لەسەر




ئاستی دەوڵەتی بەزیرەکی لە گەمەکە یاری بکات.

* ئەو تەحددیانەی ئێستا ڕووبەڕووی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبنەوە هەمەلایەنن، واتە تەنها مەترسی تیرۆر نییە هەتا ببینە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر، تەنیا کێشەی دەوڵەتانی دراوسێ نییە کە سیاسەتی دراوسێیەتی باش لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش پیادە بکەین، تەنها کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نییە، تا هەموو تواناکان بۆ ئەو پرسە تەرخان بکەین، هەروەها تەنها کێشەی هەناردەکردنی نەوت و مووچەی پێشمەرگەش نییە هەتا بەدیالۆگ چارەسەری بکەین، هەرێمی کوردستان دەبێت ڕووبەڕووی هەموو ئەم کێشانە ببێتەوە و چارەسەریان بکات بۆ ئەوەی ژینگەیەکی ئارام دروست بێت خزمەتی هاووڵاتیانی بکات، گەوهەری هەموو ئەم کێشانەش هاوبەشێك پێکەوە گرێیانەداتەوە، ئەو هاوبەشە تێڕوانینی تەواو جیاوازی لایەنەکانی بەرامبەرمانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر بۆ نموونە لەسەر پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بێجگە لەتورکیا کە هەندێك لێکتێگەیشتن دروست بووە، ئەوا لەگەڵ ئەوانی دیکە ئێستاش هەوڵدەرێت لێکتێگەین، لەسەر ئاستی شەڕی دژە تیرۆر و ڕێگرتن لە تیرۆریستان فاکتەری سەرەکی بۆ پاراستنی کوردستان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسن، لەم بوارەشدا هەتا ئێستاش هێزی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق حساب نەکراوە، ئەو تەکنەلۆژیاو تەکنیکەی لەبەر دەستی ئاسایشی عێراقە، بە هەمان ئاستی یەکسان لەبەردەستی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان نییە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر وردتر لەسەر ئەم پرسانە هەڵوەستە بکەین، دەبێت بیرکردنەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە پلەی یەکەم ئەوە بێت چۆن ڕووبەڕووی ئەم هەموو تەحددیانە دەبینەوە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و چۆن بڕیار دەدرێت، ئەمەش پێویستی بە بیرکردنەوەی سەرووی ئایدۆلۆژی حزبی و پیادەکردنی حکومڕانی زیرەکەوە هەیە.

کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەبێت حزبەکان چی بکەن بۆ ئەوەی حکومەتێك پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت حکومڕانیەکی زیرەك پیادە بکات؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە حزبە سیاسییەکان پێش ئەوەی وەك حزبی سیاسیی سەیری بەرژەوەندی حزبی خۆیان بکەن، دەبێت ئامادەباش بن بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکاری و تەحدییەکان ڕووبەڕوو ببنەوە و مامەڵە بکەن و هەوڵبدەن پێکەوە بڕیار دروست بکەن و پێکەوە بڕیار بدەن، لەمەش زیاتر دەبێت پابەندنەبن تەنها بە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی حزبی خۆیانەوە، بەڵکو دەبێت کۆی ئایدۆلۆژیای جیاوازی حزبەکان سوودی لێوەربگیرێت، پاشان لەسەر بنەمای دروستبوونی بۆچوونێکی هاوبەش سوود لە بۆچوون و ئەزموونی تێکڕای وڵاتانی جیهانی وەربگیرێت بۆ ئەوەی شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و بڕیاردان لەناو ئەو گۆڕانکاریانە، میکانیزمی باشتر بدۆزرێتەوە و زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناسکە بکرێت، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی قوربانیدانی بە ئایدۆلۆژیای حزبی و جەمسەرگیری حزبی دەوێت، بەڵام نەتەوەیەك لە قۆناخێکی ناسکدا دەگەیەنێتە قۆناخی سەرفرازی.

**ئەگەر بۆ هەموو جیهان گۆڕانکارییە گەورە و خێراکان پەیوەندی تەنها بە ئاستی گوزەران و نەهێشتنی هەژاری و چاودێری تەندروستییەوە هەبێت، ئەوا بارودۆخی ئێستای کوردستان لەنێو ئەم گۆڕانکارییە گەورە و خێرایەدا پەیوەندی بە ئاییندەی بوونی نەتەوەیەکەوە هەیە**

**دەبێت کابینەی هەشتەم تەنها جەخت لەسەر حکومڕانی باش نەکاتەوە، بەڵکو دەبێت حکومڕانی باش بکاتە بەشێک لەنێو پرۆسەی حکومڕانی زیرەک و لەسەر ئاستی دەوڵەتی بەزیرەکی لە گەمەکە یاری بکات**



پرۆفیسۆر مایک موور بۆگوڵان:

# لەسەدەی بیست و یەک مەعریفە ژێرخانی ئابوورییە و شێوازی حکومڕانی دیاری دەکات

**پرۆفیسۆر ئوستادی ئابووری سیاسییە لە زانکۆی برینگتۆن و بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانە لە هەمان زانکۆ و هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری ئایندەی دەوڵەتەو تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی حکومڕانی خراپ و حکومڕانی باش، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەنگژانەی ئێستا رووبەڕووی سیستمی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا دەبنەوەو هەروەها هەوڵەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ مایك موور ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** پێشتر لیبرال دیموکراسی باشترین سیستمی حکومڕانی بوو، چونکە حاڵی حازر حکومەتە لیبرال دیموکراتیەکان لە رۆژئاوا لە رووی قەیرانی ئابووری و رێژەیەکی بەرزی قەرزاری رووبەڕووی کێشەی حکومڕانی بوونەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لیبراڵ دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکدا لە رێی چارەسەکردنی ئەم کێشانەوە دووبارە خۆی دەسەپێنێتەوە؟**

- من باوەڕم بەو حکومەتە لیبراڵە دیموکراتیانە هەیە کە هاتنەئاراوە، پێموایە کێشەی سەرەکی لە ئێستادا کە رووبەڕووی حکومەتە لیبراڵ دیموکراتیەکان بۆتەوە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشە ئابووریە جددیە-مەترسیدارەکاندا بکات، پێموایە ئەمە گەورەترین کێشەیە لە ئێستای رۆژئاوادا. کە حکومەتەکان خۆیان لە دۆخێکی زۆر دژواردا بینیوە بۆ ئەوەی مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان بکەن، دەبوو مامەڵە لەگەڵ کێشە ئابووری و دارایی گەورەکاندا بکەن، لە نێویاندا ئەوروپا و ئەمریکا و من دڵنیانیم لەوەی چارەسەرێکی دیاریکراوم بۆ ئەو کێشەیە هەبێت. من باوەڕموایە ئەگەرێکی زۆر هەیە حکومەتە لیبراڵیەکان زاڵبن بەسەر ئەم کێشەیەدا، ئێستا کێشەیەکی گەورە هەیە کە پەیوەندی بە متمانەکردنەوە هەیە بە حکومەت، هێنانەدی شەفافیەتی زیاتر هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی متمانە بە حکومەتەکان زیاتر بێت. بەڵام ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت.

*** کاتێك باسی حکومڕانی دەکەین لەسەر ئاستی جیهاندا ئەوا سیستمی حکومڕانی رۆژئاوا بە سەرکەوتوو دادەنرێت، بەڵام لەم ماوەیەدا جەمسەرگیری حزبایەتیمان بینی، هەروەها یەکێتی ئەوروپاش کە بانگەشەی لێك نزیکبوونەوەی دەکرد، ئێستا بەهۆی کێشەی ئابووریەوە لێك دووردەکەونەوە، هەروەها چینیش ئابووریەکی سەرکەوتووی هەبوو، بەڵام ئێستا رووبەڕووی دەیان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە سەدەی بیست و یەکدا حکومڕانی بۆتە کێشە، تەنانەت بۆ ئەو سیستمانەی بە سەرکەوتوو دادەنران؟**

- رەنگە تاکە هۆکارێك بۆ ئەم دۆخە بریتی بێت لە هەڵکشانی نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمە فشار دروست دەکات کە هەندێ لایەن ناتوانن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. حاڵی حازر لە چیندا نایەکسانیەکی کۆمەڵایەتی گەورە هەیە کە هاوشانە بە گەندەڵیەکی بەربڵاو، ئەمە لە کاتێکدا دە ساڵ پێش ئێستا خەڵکی ئامادەبوون متمانە بە حکومەتی چین بکەن، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامێکی ئابووری باشی بەدەست دەهێنا کە خەڵکی لێی سوودمەند دەبوون، ئێستا دۆخێك هەیە کە هەندێ کەس زیاتر لەوانی دیکە سوودمەند دەبێت، و ئابووری دووچاری کێشە بووە و خەڵکی زیاتر و زیاتر نیگەران دەبن لەبارەی مافەکانیان و پیسبوونی ژینگە و خواردنی

ناسەلامەت. لە ئەمریکا جەمسەرگیری لە سیاسەتدا هەیە —ئێوە لەمەدا راســت دەکەن- کە زیاتر مەترسیدارتر دەبێت، ئەمەش لە بەشــێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی هەڵبژاردن، کە هانی جەمسەرگیری دەدات، بەڵام گومان لەوەشدا نییە ئەو نایەکسانیە ئابووریەی بە رەوتێکی خێرا هەڵدەکشێت ئەم دۆخەی زۆر خراپتر کردووە. ئەوەش راستە کە پارتی کۆماری بە تایبەتی، کە لەلایەن یەك لەســەر سەدی دانیشتوانەکەوە دارایــی بۆ دابین دەکرێت کە زۆر بە باشــی ســوودمەندن لێی، و ئــەوان زۆر توندن لەوەی گەمەکــە لەگەڵ باقی دانیشتوانەکەدا بەش بکەن. ئەمە تا رادەیەك بۆ ئەورووپاش راســتە، چونکە متمانەیەکی کەمتــر بە حکومەت دەکرێت کاتێك بێکارییەکی زۆر هەبێت... کەواتە پەیوەندیەکی بەتین هەیە لە نێوان حکومڕانی و هەڵکشانی نایەکسانی و باوەڕم وانییە بتوانرێت کێشــەی حکومڕانی بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نایەکسانی چارەسەر بکرێت.

*** لە ئێســتادا چەند کێشــەیەك رووبــەڕووی حکومڕانی بوونەتەوە لە جیهاندا، وەك بە جیهانی بوون و سۆشیال میدیا، ئەو گۆڕانە بەرچاوەی بەســەر هۆکارەکانی پەیوەندیکردندا روویانداوە، تا چ رادەیەك ئەم مەسەلانە رەهەندی حکومڕانی لە سەدەی بیستدا دیاری دەکەن و تا چ رادەیەك سیستمێکی حکومڕانی جیاواز بەرهەم دەهێنن؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن راســتە کەلــە جیهاندا چاوەڕوانیەکی روو لــە زیاد هەیە، لــە نێویاندا چاوەڕوانی پەیوەســت بە دیموکراســی و مافەکانەوە. من گومانم نییە لەوەی ئەمە لە جیهاندا کاریگەری لەســەر شێوازی حکومڕانی دەبێت، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانین ئەو کاریگەریە چی دەبێت، لەبەر ئەوەی لەلایــەك داوای دیموکراســی دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە مەســەلەی دیکە هەیە کە خەڵکــی زیاتر و زیاتر لەبارەیانەوە نیگەران دەبن، وەك کێشەی نایەکسانی ئابووری، هەروەها کێشــەیەکی گەورەی ئاســایش هەیە، ئاسایش بە مانا تەقیلدیەکەی نا کە پەیوەســت بێت بە خۆپاراســتن لە شــەڕ و توندوتیژیەوە، بەڵکو کێشەی ئەوەی پێی دەوترێت «CYBER SECURITY»، وەك دزینی ناسنامە و دزینی زانیاری و کاری لەو شێوەیە کە بە دڵنیاییەوە دەبنە کێشەی گەورە لــە وڵاتە دەوڵەمەندەکانــدا و خەڵکیش داوای ئەوە دەکەن لەوە بپارێزرێن و چاویان لەوەیە حکومەت بیانپارێزێت، کەواتە لە کاتێکدا ئەوان بە گومانەوە لە حکومەت دەڕوانن، ئەوا لە هەمان کاتدا داواکاریەکی زۆر رووبەڕووی حکومەت دەکەنەوە. کەواتە ئاسان نییە جڵەوی حکومڕانیت بەدەستەوە بێت.

*** لە سەدەی بیست و یەکدا دەبێت هەنگاو بەرەو حکومڕانی سەرکەوتوو هەڵبگیرێت، ئەمەش پێویست بە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی رووداو و گۆڕانکاریەکان دەکات، کەواتە لەم رووەوە پێویســتمان بە حکومڕانی ژیرانە دەبێت، بە واتایەکی دیکە دەبێت چاکسازیەکی تەواو لە سیستمی لیبراڵ دیموکراسیدا بکرێــت، لەبەر ئــەوەی لیبراڵ دیموکراســیش رووبەڕووی دژواری و تەحــەددی بۆتەوە، کەواتە تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتەهــۆی رزگاربوونــی حکومڕانێتی کە لە ئێســتادا دووچاری کێشە بۆتەوە؟**

- ئەوە راســتە داواکاری زیاتر لەسەر حکومڕانی عەقڵانی دروست دەبێت، من دڵنیام شێوازی حکومڕانی وڵاتە لیبراڵ دیموکراتیەکان زۆر گۆڕانکاری بەســەردا دێت، ئەمەش لە بەشــێکیدا لەبەر ئەوەیە زۆر لایەنی دیکە هەن لە ئێســتادا لە جیهاندا کە کاریگەر و دەسترۆیشــتوون، کە ئێمە لێیانەوە فێر دەبین، لە چین و تورکیا و ئەندەنوسیا و وڵاتانی دیکە، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەوە دیاری بکەیت ئەو گۆڕانکاریە چی دەبێت، بەڵام ئەوەیە ئــەوان لە ئێمە فێردەبن و ئێمەش لەوان فێر دەبین، و من نامەوێت پێشبینیەکی روونم هەبێت لەبارەی ئەوەی روودەدات، چونکە نادڵنیایی هەیە لەم رووەوە.

*** ئایا هاوڕان لەسەر ئەو دەرئەنجامەی جیهان پێیگەیشتووە کــە کەلتورە جیــاوازەکان کاریگەریان نییە لەســەر جۆری حکومڕانێتی، ئــەوەی حکومڕانێتی دیاری دەکات بریتییە لە ژینگە سیاسییەکە و بریتییە لە چوارچێوە سیاسییەکەی حکومڕانــی، چــۆن دەکرێت چوارچێوەیەکی سیاســی بۆ حکومڕانێتیەکی سەرکەوتوو دروست بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەی ژیاندا هاتوون لە سەدەی بیست و یەکدا؟**

- تــا رادەیەك وەڵامەکەی من تەم و مژاویە، من پێموانیە تا ئێستا حکومڕانی هەبووبێت یان پێویست نەکات پێشبینی ئەوە بکەیــت کە حکومڕانیەکمان هەبێــت کە پتر گرێدراو بێت بە پرســە کەلتوریەکانەوە، وەك حکومڕانی هیندۆسی یــان حکومڕانی بودی یــان حکومڕانی مەســیحی یان حکومڕانی ئیسلامی یان حکومڕانی عەرەبی، پێموانیە ئەوە ســەرکەوتوو بێت، چونکە هەمەڕەنگیەکی روون هەیە و ئەم هەمەڕەنگیەش بەردەوام دەبێت لە چۆنیەتی حکومڕانیکردنی وڵاتاندا. لە تورکیادا حکومڕانیەکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشــێت، نەك لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتێکی ئیســلامیە، بەڵکو لەبەر ئــەوەی نەریتێکی دیاریکراو هەیە لە تورکیادا دەربارەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی خۆیان بۆ حکومڕانێتی و حکومڕانی باشەوە. کەواتە من پێشبینی هەمەڕەنگیەك دەکەم و پێشــبینی ئەوە دەکەم خەڵکی لە رووی کەلتوریەوە باس لەم پرســە بکات، بەڵام ئەوەی پێشبینی ناکەم دروستبوونی حکومڕانی هندۆسی یان مەسیحیە، یان حکومڕانی سلاڤی یان ئەمریکای لاتین، چونکــە هەمەڕەنگیەکی زۆر هەیە لەم رووەوە.

*** شــارەزایان پێیانوایە دیموکراســی لە ســەدەی بیست و یەکدا، بریتییە لە دیموکراســیەتی مەعریفە، مەبەســتمان ئەوەیە لە رابردوودا دیموکراســی پیشەســازی هەبوو، کە بە مانای ئەوەدێت ئەگەر رۆژئاوا پیشەســازی وەك ژێرخانی دیموکراســی دادەنا، ئەوا ئێســتا ئەمە گۆڕاوە، مەعریفە**

**هێنانەدی شەفافیەتی زیاتر هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی متمانە بە حکومەتەکان زیاتر بێت. بەڵام ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت**

**پێوەندیەکی بەتین هەیە لە نێوان حکومڕانی و هەڵکشانی نایەکسانی و باوەڕم وانییە بتوانرێت کێشەی حکومڕانی بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نایەکسانی چارەسەر بکرێت**

پرۆفیسۆر محەمەد موجتاب خان بۆ گوڵان:

# سیستمی دیموکراتی رۆژئاوا هەموو کات کێشەی هەبووە بەڵام پێشکەوتنی هۆیەکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر ئاشکرایان کردووە



**پرۆفیسۆر محەمەد موجتاب خان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نیودەلهی لە هیندستان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر حکومڕانی وڵاتانی ئیسلامی و ئاسیا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی حکومڕانی لە ئێستای جیهان و شێوازی حکومڕانی لەئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر موجتاب خان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سیستمی لیبرال دیموکراتی بە سەرکەوتووترین سیستمی حکومڕانی لە جیهان دادەنرا، بەڵام ئێستا ئەم سیستمە رووبەڕووی کۆمەڵێك تەنگژەی جددی بۆتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن لە سەدەی بیست و یەك ئەم سیستمە سەرکەوتووە رووبەڕووی ئەو تەنگژە جددیانە دەبێتەوە؟**

- من لەوەدا هاوڕانیم لەگەڵتاندا کە لیبراڵ دیموکراسی بۆتە ژێرخانی دیموکراسی، لەوەش زیاتر ئەگەر لە رابردودا پیشەسازی رۆژئاوا رکابەری نەبوویێت، رەنگە ئێستا لەسەر ئاستی مەعریفە رکابەری بۆ دروست بوویێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك لە سەدەی بیست و یەکدا مەعریفە دەبێتە ژێرخانی ئابووری و فۆرمێکی نوێی حکومڕانی بەرهەم دەهێنێت؟

- من هاوڕام لەگەڵ بیرۆکە بەرفراوانەکەدا و پێموایە ئەمە پرسیارێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و باوەڕم وایە تا رادەیەك ئەمە بە دڵنیاییەوە راست دەردەچێت، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان مەعریفە بڵاوبۆتەوە، نەك لە نێو وڵاتاندا، بەڵکو لە نێو وڵاتەکەشدا لە نێوان هاووڵاتیانی ئاسایی و سیاسییەکاندا، بە دڵنیاییەوە ئەمە رەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتی حکومڕانی وڵاتەکە دەبێت، واتە خەڵکانێکی زیاتر قسەیان دەبێت لەسەر ئەوەی چۆن حکومڕانی بکرێن، بەڵام ئایا ئەمە چۆن روودەدات، ئێمە نازانین، بەڵام ئێمە ئایا راپرسیەکی زۆر لەسەر ئەنتەرنێت دەکرێت کە خەڵکی حوکمی تێدابدەن، رەنگە ئەمە نەکرێت، بەڵام دڵنیام لەوەی حکومەت چەندین رێگە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی راوێژ لەگەڵ خەڵکدا بکات و بۆچوونیان وەربگرێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کارەی دەیکەن، کەواتە دیموکراسی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، رەنگە زیاتر لە پەرلەمان و هەڵبژاردن و پارتە سیاسییەکان دووربکەوێتەوە و بەرەو راوێژکردن بە هاووڵاتیان و کۆکردنەوەی زانیاری. بەڵام هێشتا چەندین ئەگەر هەن کە هێشتا تاقینەکراونەتەوە.

*** ئەگەر حاڵی حازر لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا دووچاری قەیران هاتبێت، ئایا هەوڵی ئەوە نادات ئەم قەیرانە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبکاتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دیاردەیەکی نوێ بۆ دیموکراسی لەسەرتاسەری جیهاندا دابڕێژرێت؟**

- بەشێك لە وەڵامەکە ئەوەیە زۆرێك لە خەڵکانی رۆژئاوا تەقدیری ئەوە ناکەن کە چۆن بەهایەکی دیاریکراو حکومڕانیان لە جیهاندا بەهای خۆی لەدەستداوە، لەبەر ئەوەی سەلماندی کە زۆر کارانییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە ئابووریەکاندا، لەبەر ئەوە پێشبینی هەموارکردنێکی پلە بە پلە دەکەم و پێموایە حەماسێکی کەمتر دەبێت لە رۆژئاوا بۆ مۆدێلی دیاریکراوی حکومڕانیەکەیان، ئەمە بە شێوەیەکی سروشتی روودەدات. لە هەمان کاتدا داواکاری دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهاندا زۆر بەهێز و بە تین دەبێت، پەرەپێدانی دیموکراسی دەبینین، بەڵام ئەمە بە هەمان حەماسەتی رابردووە لەلایەن حکومەتەکانی رۆژئاوا یان دەزگا یارمەتیدەرکانی رۆژئاوا یان رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە نابێت، لەبەر ئەوەی میسداقیەتی لەدەستداوە، ئەمە کێشەکەیە. چونکە ئەگەر خۆمان نەتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چۆن بە خەڵکی دەڵێین بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**پێموانییە تا ئێستا حکومڕانی هەبوویێت یان پێویست نەکات پێشبینی ئەوە بکەیت کە حکومڕانیەکمان هەبێت کە پتر گرێدراو بێت بە پرسە کەلتوریەکانەوە**

لە رابردوودا هەموو کاتێك و لە هەموو شوێنێکدا باش بوو بێت، چونکە تەنانەت پێشتریش کێشە و تەحەددی رووبەڕووی لیبراڵ دیموکراسی بوونەتەوە، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا زانیاری و راگەیاندنەکان کراوە نەبوون و سۆشیال میدیا بوونی نەبووە، بۆیە پێشتریش لە ئەمریکا کێشەی رەشپێستەکان و رەگەزپەرستی هەبوون، کەواتە ئەو کێشانەی ئێستا بوونیان هەیە لە رابردوشدا بوونیان هەبووە، بەڵام ئەو کاتە نەزانراو بوون و ئێستا زانراون. هیچ سیستمێك- لیبراڵ بێت یان نالیبراڵی- بێ کەموکوڕی نییە، هەر سیستمێك دەبێت خۆی لەگەڵ واقیعە مەحەلیەکان و لەگەڵ هەل و مەرجە مەحەلیەکاندا بگونجێنێت، -بۆ نموونە-ناکرێت سیستمی دیموکراسی ئەمریکا بسەپێنرێت بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراسی تایبەت بە خۆی هەیە کە پەیوەستە بە خەڵکەکەی و بە تێگەیشتنی خۆی و بە ئاینی خۆیەوە. کەواتە ئەوە قابیلی قبوڵ نییە بڵێیت دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد بە دیموکراسی ئەمریکا، دیموکراسیەکی خراپە. لەبەر ئەوە دەبێت هەر سیستمێك مامەڵە لەگەڵ دۆخە مەحەلیەکەدا بکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لە ئێستادا کێشە بەدی دەکەین، پێشتر کێشە هەبووە و لەمەودواش کێشە هەر دروست دەبێت.

*** بەڵام لە ئێستا کۆی سیستمەکانی حکومڕانی رووبەڕووی دەیان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، ئایا بۆچی لە سەدەی بیست و یەکدا حکومڕانی بۆتە کێشە، تەنانەت بۆ ئەو سیستمانەی سەرکەوتووش بوون؟**

- ئەمە کێشەیە لەبەر کرانەوەی چەندین هێز، سەدەی بیست و یەك بێداربوونەوەی لە نێو زۆرێك لە نەوەکانی جیهاندا هێنایەئاراوە. گەنجانی جیهان خەونی زیاتریان هەیە و چاوەڕوانی زیاتر لە حکومەتەکەیان دەکەن و ئەوان هۆشیارن بە مافەکانی خۆیان و شەڕ لە پێناوی مافەکانیاندا دەکەن، بەڵام ئەم سیستمانە رێگاکانی بەدیهێنانی ئەم مافانە دەستەبەر ناکەن، لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە ئەم کێشانە هەیە. هەروەها ئەم سیستمانە شێوازی کۆنی حکومڕانی پیادە دەکەن، لەبەر ئەوە دەبێت سیستمی حکومڕانی بگۆڕن و لە ئاستی خەونەکانی خەڵکدا بن، تاوەکو ئەم کارە ناکەن، ئەوا کێشەکە بەردەوام دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی شۆڕشی راگەیاندنەوە، شەفافیەتێکی تەواو دروستبووە، خەڵکی دەزانن چی لە دەوروبەریاندا روودەدات و دەزانن چی لە ناو حکومەتەکە و لە ناو سیستمەکەدا روودەدات، کەواتە ئەوان هۆشیارن و بیر لەوە دەکەنەوە چۆن داواکاریەکانیان بخەنەڕوو و چۆن گفتوگۆ لەگەڵ سیستمەکەدا بکەن. ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ زۆرێك لە چینەکاندا دروستبووە بۆتە بارگرانیەك بەسەر سیستمەکەوە، لەبەر ئەوە سیستمە حکومڕانیەکە دەبێت خۆی لەگەڵ خەونەکانی خەڵکدا بگونجێنێت. کەواتە لەبەر ئەم هۆکارانە و لەبەر کرانەوەی راگەیاندن و لەبەر بوونی فەیسبووك و تۆڕی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئاگاداری کێشەکانی یەکترن، هەروەها ئاگاداری کێشەکانی حکومەتەکانی دیکە دەبن، کەواتە ئەمە وایان لێدەکات هۆشیاربن بە چۆنیەتی حکومڕانی سیستمەکە، هەر لەبەر ئەمەشە دووچاری دژواری دەبنەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. لە رابردوودا کێشە هەبووە و لەمەوداش کێشە دەبێت- تا کۆمەڵگە هەبێت کێشەش دەبێت- بەڵام دەبێت حکومەت پەرە بە میکانیزمی چارەسەرکردنیان بدات.

*** کەواتە ئایا میکانیزم بۆ چارەسەری ئەم کێشانە چیە و چۆن سیستمەکانی حکومڕانی زیرەکانە لەم بارودۆخە دەردەچن؟**

- پێش هەموو شت دەبێت حکومەت لە ئاست خواست و داواکاری و خەونەکانی خەڵکدا بێت، دەبێت حکومەت ئاگای لە خواست و چاوەڕوانیەکانی خەڵك بێت، بەڵام بە داخەوە هیچ سیستمێك- لیبراڵ دیموکراسی بێت یان سۆشیالیزم-، راستیەکانی سەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو ناگرن. بەڵام دەبێت ئەوان رۆبچنە قوڵایی واقیعەکەوە، تاوەکو حکومەت ئەم کارە نەکات، ئەوا نابێتە حکومەتێکی سەرکەوتوو.

*** چۆن دەکرێت چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ حکومڕانێتیەکی سەرکەوتوو دروست بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەی ژیاندا هاتوون لە سەدەی بیست و یەکدا و تاچەند کلتور کاریگەری لەسەر شێوازی حکومڕانی هەیە؟**

- پێموانیە بکرێت کەلتور لە حکومڕانی جیا بکرێتەوە، هەر کۆمەڵگەیەك کەلتوری خۆی هەیە، جیهانی عەرەبی لەبەرچاو بگرە، جیهانی عەرەب هاوبەشە، بەڵام هەر وڵاتێك حکومەتێکی جیاوازی هەیە و ئیدارەی کاروبارەکان دەکات، دەبێت هەر حکومەتێك رەچاوی کەلتورەکە بکات و ئەگەر حکومەت کەلتور لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا رەنگە بکەوێتە دۆخێکەوە کە نەتوانێت کێشەکانی خەڵك چارەسەر بکات... دواتر کەلتور چیە؟ کەلتور بریتییە لە بەها هاوبەشەکان کە هیچ حکومەتێك ناتوانێت دژی ئەو بەهایانە بوەستێتەوە و حکومەت خۆی بەشێکە لەو بەهایانە... کەواتە دەبێت هەر حکومەتێك رێز لە کەلتوری کۆمەڵگەکە بگرێت.

*** کە باسی گۆڕانکارییەکان دەکرێن، هەست دەکەین گۆڕانکاری لەو توخمانەش هاتوونەتە ئاراوە کە ژێرخانی ئابووری و شێوازی حکومڕانی دیاری دەکەن، ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرە؟**

- ژێرخان گرنگە، بەڵام ناکرێت سەرجەم کۆمەڵگەکان یەك جۆرە ژێرخانیان هەبێت، بەڵام ئەوەی هەمان گرنگی هەیە ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت لەسەر حسابی خەڵك ژێرخانێکی باشتر بنیات بنێیت، چونکە دەبێت ئێش و ئازار و خەونەکانی خەڵك ئەولەویەتی ژمارە یەك بن، دواتر دەتوانیت هەنگاو بۆ دروستکردنی ژێرخان هەڵبگریت، چونکە ئەگەر خەڵکی نان نەبێت بیخۆن- چۆن ئەم کارە دەکەیت-. لەبەر ئەوە دەبێت کەشێك دروست بکرێت کە خەڵك ببنە خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆیان و بتوانن خۆراك بۆ خۆیان دابین بکەن و دەرفەتی پەروەردەیان بۆ بڕەخسێت و ئاسایش و ئاسایشی کۆمەڵایەتیان بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەگەر حکومەت ئەمانە دابین نەکات، ئیتر بوونی حکومەت چ سوودێکی دەبێت.

**هیچ سیستمێک «لیبراڵ بێت یان نالیبراڵی» بێ کەموکوڕی نییە، هەر سیستمێک دەبێت خۆی لەگەڵ واقیعە مەحەلیەکان و لەگەڵ هەل و مەرجە مەحەلیەکاندا بگونجێنێت**

**پێموانیە بکرێت کەلتور لە حکومڕانی جیا بکرێتەوە، هەر کۆمەڵگەیەک کەلتوری خۆی هەیە، ئەگەر حکومەت کەلتور لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا رەنگە بکەوێتە دۆخێکەوە کە نەتوانێت کێشەکانی خەڵک چارەسەر بکات**



# ئەقڵیەتی تاکڕەوی و شۆڤینی کۆتاییەکی تراژیدی بۆ عێراق دروست دەکات



رۆژی ٢٠١٤/١/١٤ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق بەبێ ڕەزامەندنی وەزیرە کوردەکان و بەزۆرینە پرۆژەی بودجەی عێراق پەسەند کرا و ڕەوانەی پەرلەمان کرا، ئەمە لەکاتێکدا وا بڕیار بوو شاندنی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە سەردانی بەغدا بکات و ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی دوای چارەسەرکردنی کێشەکان پرۆژەی بودجەی عێراق لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەند بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و ئەمساڵیش وەك ساڵی پار دەیانەوێت پرۆژەی بودجەی عێراق و بە زۆرینەی دەنگ و بەبێ ڕەزامەندی لایەنی کوردستانی تێپەڕێنرێت، ئەمەش وەك هەندێك لە چاودێران ئاماژەی پێدەکەن، ئەم هەنگاوەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق چەند ڕەهەندێکی هەیە، لەلایەك دەیەوێت بە تێپەڕاندنی بودجە کێشەیەك لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بکات بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەنبار و بەشەکانی دیکەی عێراقی پێبشارێتەوە، لەلایەکی دیکە دەیەوێت بودجە وەك کارتێکی هەڵبژاردن بەکاربهێنێت و سۆزی شۆڤێنیەتی عەرەبی پێ ڕابکێشێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگی پێ کۆبکاتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە بە شێوەی تەوافق و ڕەزامەندنی هەموو لایەنەکان بەڕێوە چووە و لەناویشیاندا گەڵاڵەکردنی پرۆژەی بودجە هەر بە ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان بووە، بەڵام ئەمە بۆ دووساڵ دەچێت لایەنی عەرەبی عێراق بەرێگەی زۆرینە و کەمینە دەیانەوێت لایەنی کوردستانی فەرامۆش بکەن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانی موحسین سەعدون کرد و بەوەی ئایا چۆن پرۆژەی بودجە گەڵاڵە دەکرێت؟ لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە

**ئێستا حکومەتی عێراقی لەسەر پرەنسیپ و بنەماکانی دەوڵەتی دیموکراتی و مافەکای مرۆڤ بەڕێوە ناچێت**

رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (پێویستە هەموو ساڵێك بودجەی عێراق بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئامادە بکرێت، کە رەچاوی هەموو لایەنێك بکات و بەشی هەموو هەرێم و پارێزگایەکی تێدا دابین بکرێت، ساڵی رابردووش کێشەیەك لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هاتە ئاراوە سەبارەت بە بودجەی گشتی کە بریتی بوو لە پرسی نەوت، ئەمڕۆ نەوت ٩٦٪ی داهاتی عێراق پێك دێنێت کە دەخرێتە ناو بودجەی گشتیی وڵاتەوە، حکومەتی فیدراڵ بیانووی ئەوەمان پێ دەگرێت کە هەرێمی کوردستان بەشە داهاتی هەناردەکردنی نەوتەکەی بە بەغدا نادات، ئێمە پار نەوتمان هەناردە نەکردووەو داواشمان لە بەغدا کردبوو کە بەشی کۆمپانیاکانی نەوتمان پێ بدات کەچی وەڵامی نەدواینەوە، بۆیە ئەو دۆسییە هەروا بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە، ئەم ساڵ حکومەتی فیدرال بیانووی دواکەوتنی بودجەی خستە ئەستۆی هەرێمی کوردستان، کە ئەمە راست نییە، ئێمە لەلای خۆمانەوە دەڵێین هەرێمی کوردستان پشکی کۆمپانیاکانی لایەو بە هیچ شێوەیەك نەیداوە، بەپێی دەستووری عێراق هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بۆیان هەیە نەوت بەرهەم بهێنن و هەناردەی بکەن، بۆیە حکومەتی ناوەند نایەوێت دان بەمەدا بنێت و ئەو دەیەوێت دۆسیی نەوت سەنترال بێت و خۆی بەڕێوەی ببات کە ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە بە تێگەیشتنی ئێمە، حکومەتی فیدرالی دوای ئەوەی چاوی بە شاندی هاوپەیمانیی کوردستانیی لە پەرلەمانی عێراق کەوت هەروەها شاندی باڵای هەرێمیش بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کردو لە گەڵ بەڕێز مالیکی و بەرپرسان کۆبۆوە و بڕیاریان دا بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسییە بکەن و شاندێکی دیکەی تەکنیکی لە هەولێرەوە بێتە بەغدا بۆ تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی دۆسییەکە، هاوکات لەم ماوەیەی رابردوودا دووجار هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کۆبۆتەوە، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو حکومەتی ناوەند چاوەڕێی بکردایە تا شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە سەردانی بەغدای بکردایە و لەم بارودۆخە شڵۆقەی ئەمنیی عێراق کارەکە بە پێی رێککەوتن ئەنجام بدرایە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو بەر لە چەند رۆژێك حکومەتی فیدرال بێ رەزامەندیی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرە کوردەکان بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی رەوانەی پەرلەمانی عێراق کرد بێ ئەوەی گوێ لە داواکاری و سەرنجەکانی کورد بگرێت کە لە راستیدا کەموکورتیی زۆری تێدایە لە رووی مووچەو

**دیارە سەرانی دەوڵەتی یاسا خەون بە سەنترالیزە کردنی حوکمی عێراقەوە دەبینن بۆیە بەردەوام لەسەر بابەتی پارێزگاکان و هەرێم بەدوای کێشەدا دەگەڕێن**

داهات و وەبەرهێنان و خەرجییە گشتییەکان کە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی زەقی بۆ هێنایینە کایەوە، بۆیە ئێستا بودجە گەیشتۆتە پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئێمە وەکو کورد پابەندین بە بەشە بودجەی راستەقینەی خۆمان و داکۆکی لە مافی خۆمان دەکەین، هیوادارین لە چەند رۆژی داهاتوودا دیدارو کۆبوونەوەی دیکە لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم سازبکرێت تاکو پێشنیارو باری سەرنجی خۆمان لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکەین، بۆیە ئێستا حکومەتی فیدرال هەڕەشەی ئەوە لە کوردستان دەکات کە پشکی کۆمپانیاکانی نەوت لە بەشە بودجەی هەرێم دەبڕێت کە ١٧٪یە، ئەو رێژەیە ئەوا نۆ ساڵە هەر بەم شێوەیەیە، هەرچەندە لە راستیدا ١٣٪یە نەك ئەو ١٧٪ یەی کە ئەوان هەمیشە ئاماژەی پێ دەکەن، چونکە بەپێی شارەزاو پسپۆران خەرجی سیادی و شتی دیکەی لێ دەبڕدرێت کە دەگاتە ١٣٪ی بودجەی تەرخانکراو، لەبەر ئەوە پێمانوایە کە کێشەکانی دیکەو مەسەلەی نەوت تێکەڵ بە بەشە بودجەی هەرێم نەکرێت، چونکە میللەتی کوردستان لەو بەینەدا زەرەرمەند دەبێت.))

ئەوەی بەڕێز موحسین سەعدون ئاماژەی پێکرد واقیعی وتووێژەکان و کێشەکانی نێو بودجەی عێراقە، کە دەبوو حکومەتی عێراق چاوەڕێی ئەوەی بکردایە شاندی هەرێمی کوردستان بگەڕابایەوە بۆ بەغداو لەبەر رۆشنایی راپۆرتی ئەو لیژنە تەکنیکیانەی بۆ چارەسەری ئەم کێشانە دامەزراون کێشەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق پێچەوانەی ئەمە رەفتاری کرد، بۆ قسەکردنیش سەبارەت بەم رەفتارەی حکومەتی عێراق و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کێشە لە دوای کێشە؛ پرسیارمان لە شوان محەمەد تەها پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستان کرد و لەوەڵامدا بە گوڵانی راگەیاند: (عێراق وڵاتێکی پڕ لە کێشەیە، چارەسەر نەکردنی ئەو کێشانە وایکردووە قەیران بەدوای قەیراندا بەرهەم بهێنێت، یەکێك لەو کێشانە مەسەلەی بودجەیە، لە کۆی هەموو ئەو کێشانەدا شتێکمان بۆ روون دەبێتەوە کە حکومەتی عێراقی لەسەر پرەنسیپ و بنەماکانی دەوڵەتی دیموکراتی و مافەکای مرۆڤ بەڕێوە ناچێت، دیارە سەرانی دەوڵەتی یاسا خەون بە سەنترالیزە کردنی حوکمی عێراقەوە دەبینن بۆیە بەردەوام لەسەر بابەتی پارێزگاکان و هەرێم بەدوای کێشەدا دەگەڕێن، زیاتر لە دوو ساڵە لە هەوڵی ئەوەدان سەر لە بەری دەزگا سەربەخۆکان بۆخۆیان قۆرخ بکەن هەروەك چۆن سەرتاپای دەزگاکانی سەر بە بەرگری و ناوخۆ و پۆستە سەروەرییەکانی تر قۆرخ کراون، قۆرخ


کردنی سەر لەبەری دەسەڵات لە عێراق و خەون بینین بەوەی تاکە کەسێك جڵەوی هەموو کارەکانی وڵاتی بخرێتە ژێردەست، ئەمە ئاماژەی روون و ئاشکران کە عێراق بەرەو چ ئاقارێك پەلکێش دەکات، سەبارەت بە کێشەی بودجەی عێراقیش رەنگە شتێکی تازە نەبێت کە حکومەتی ناوەندی دەیەوێ زۆرترین بودجە بۆ وەزارەتی بەرگری تەرخان بکات سەر لەبەری کێشەکان ئەوە دەسەلمێنن کە حکومەتی عێراقی بڕوای بە حوکمی فیدرالی نەماوە، تەنانەت لەو گرێبەستە درێژخایەنانەی کە بۆ چەك کڕین ئەنجامی داون ئەمە روونتر دەبێتەوە. دواتر حکومەتی ناوەندی بە زۆرەملێ لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو لایەنەکان ملکەچی خواستەکانی ئەو بن، هەر لایەنێك دژی بووەستێتەوە دەخرێتە خانەی نەیارانی عێراقەوە، کێشەکان ئەوەندە قوڵ بوونەتەوە لەوە دەرچوون بە سەردان و دانوستان یەکلا بکرێنەوە، بەڵکو پێویستە هەموو خەڵکی عێراق بیر لە گۆڕینی ئەم سیستەمە بکەنەوە، چونکە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك بەبێ گۆڕانکاری سیستم تەنیا هێورکردنەوە و گواستنەوەی کێشەکەیە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. بۆیە لێرەدا راشکاوانە دەڵێم مەسەلە تەنیا کێشەکان نییە، هەرکێشەیەك قابیل بە چارەسەرکردنە، بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە ئەوان دەیانەوێ حکومەتێکی مەرکەزی لە بری حکومەتی فیدرالی دابمەزرێنن، لەناو دەستووری عێراقیشدا شتێك نەماوە ناوی حکومەتی مەرکەزی بێت و دەسەڵاتەکان هەمووی لەبن کلێشەی ئەودا بن، وەك دەزانن دەسەڵاتەکان هەمووی دابەشکراون لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان، لێ کەم کردنەوەی هەر یەك لەم دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی ناوەند، هەڵگەڕانەوەی ئەو بڕگانەیە کە حکومەتێکی فیدرالی و دیموکراتی لەسەری بونیاد نراون، ئەگەر حکومەتی ئیتیحادیش هەڵوەشێتەوە واتە شتێك نامێنێتەوە بە ناوی عێراقەوە.))

لەم حاڵەتەدا کە کار گەیشتۆتە ئەوەی کە جارێکی دیکە نوری مالیکی هەوڵی ئەوە دەدات دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان سنوردار بکات بۆ بەرژەوەندی حکومەتی فیدرالی و گۆڕینی حکومەتی فیدرالی بۆ حکومەتی سەنترالی، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە حکومەتی عێراق دەیەوێت هەموو ئەو بەندو بڕگانەی دەستوور کە عێراقی لەسەر بنەمای فیدرالی و دیموکراتی بونیاد ناوەتەوە پێشێل بکات، بۆیە ئەگەر حکومەتی مالیکی لەسەر ئەم تێڕوانینەی بەردەوام بێت، ئەوا کورد ناچار دەبێت بیر لە رێگەچارەی دیکە بکاتەوە.



شوان محمەد تەها بۆ گوڵان:

## چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک بەبێ گۆڕانکاری سیستم تەنیا هێورکردنەوە و گواستنەوەی کێشەکەیە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر



موحسین سەعدون بۆ گوڵان:

## وەکو کورد پابەندین بە بەشە بودجەی راستەقینەی خۆمان و داکۆکی لە مافی خۆمان دەکەین

## عارف تەیفور
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (گوڵان):

# پرۆژەی کۆنفیدرالی پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکمان هەبێت و لەم کێشانە رزگارمان بێت

**سالْی پار ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژەی بودجەی عێراقی پەسەند کرد بەبێ رەزامەندی لایەنی کوردستانی، ئەمساڵیش ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئیقراری پرۆژەی بودجەی عێراقی کرد بەبێ رەزامەندی وەزیرە کوردەکان، پرۆژەکەشی رەوانەی پەرلەمان کرد، بەڵام لە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو ئەم پرۆژەیە نەخرایە بەرنامەی کاری پەرلەمان و نوێنەرانی لایەنە کوردستانیەکان لە هۆڵی پەرلەمان هاتنە دەرەوە و نیسابی یاسایی پێکنەهات بۆ ئەوەی پرۆژەی بودجە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بۆیە کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بۆ کاتێکی نادیاریکراو دواخرا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم وتوویژەمان لەگەڵ بەرێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پارساڵ پەرلەمان بە زۆرینە بودجەی عێراقی تێپەڕاندوو نارەزاییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە هەند وەرنەگرت، ئەمساڵیش بە هەمان شێوەی پارەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بودجەیان ئیقرار کرد و ڤیتۆی وەزیرە کوردەکانی لەبەرچاو نەگرت و بێ گوێدانە داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان بودجە تێدەپەڕێنرێت، ئەمەش خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە حکومەتی عێراقی کارتی کوردو عەرەب بەکاردەهێنێت، ئایا ئەم نابەرپرسیارێتیە عێراق بەرەو کوێ دەگەیەنێت؟**

- خۆی لە راستیدا بودجەی پارو ئەمساڵیش ئەو بەشەی پێوەندیدارە بە کوردەوە وەك بڵێی لای حکومەتی ناوەندی بریتی بن لە خاڵی سزادان بۆ هەرێم نەك خاڵی بەخشینی بودجەی موستەحەق بە رێکەوتن و تێگەیشتنەوە، خاڵی سزادانن بەوەی بە کورد دەڵێن ئەگەر ئەو مەرجانەمان قبوڵ نەکەیت ئەوەندەی بودجەکەت لێ دەبڕین و ئەوەندەت لێ کەم دەکەینەوە، لەبەر ئەوە ئەو بودجەیەی پارساڵ و ئەمساڵیش زۆر خراپ و نالەبارە، ئومێدمان هەبوو ئەو کۆسپانەی پار هەبوون بۆ ئەمساڵ نەمێنن، بەڵام دیار بوو لە سەردانەکەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی کە لەگەڵ نوری مالیکی دانیشتبوون پێکەوە لە بەغدا، هەندێك تێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە هەبوو هاوکات لەگەڵ شەهرستانیشدا ئەو لێکتێگەیشتنە هەبوو، بەڵام وردە وردە لە دواییدا سەقفی داواکارییەکانی حکومەتی ناوەندی زیادی کردوو حکومەتی هەرێمیش زۆر بە ئاسانی ملی کەچ نەکردوو وەڵامی داواکارییەکانی نەدایەوە، ئەمە بەو شێوەیە تا ئەم دواییانە وەك خۆی مایەوە ناچار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگی فراکسیۆنەکانی کوردستانی کرد تا لەو کێشەیە تێبگەن کە لە نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیدایە، خۆی بودجە کێشەی تری زۆری تێدایە، بۆ راڤەکردن و بۆ ئیستهلاکی بازاڕی شەقامی عەرەبی وا بۆی لێکدراوەتەوە کە کورد رێگرە لەبەردەم پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵدا، لەبەر ئەوە ئەمساڵیش لە ئەنجومەنی وەزیران برادەرانی خۆمان ئیعترازیان گرت و لە هۆڵەکە چوونە دەرەوە، هاوکات گوێیان بەمەش نەداو تێیانپەڕاندوو واژۆیان لەسەر کرد، رۆژی پێنج شەممەی رابردوو بۆ ئێمەیان نارد بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لەوێش لە لیستی بەرنامەی کاردا دانرابوو، من کە ئەوەم بینی کە داخڵی بەرنامەی کار کراوە زۆر بە توندی موعاریز بووم و وتم شتی وا مومکین نییە بکرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەر لەسەر هێڵی پێوەندی بوو تا داخڵی بکات لەبەرئەوە برادەرانی ئێمە بڕیاریان دا بچنە دەرەوە، بۆ ئەوەی نیصابی پەرلەمانی بەو ئیفلیجیەی کە تێیدایە بە ئامادەنەبوونی لیستی عێراقیە بە یەکجاری نیصابەکە بشکێنین و بڕۆینە دەرەوە، ئیتر برادەران چوونە دەرەوە تەنیا برادەرانی گۆڕان لە هۆڵەکە مانەوە ئەوانیش تەنیا چوار تا پێنج کەسێك بوون باقیەکەی نوێنەرانی کورد چوونە دەرەوەو نیصابیان بە تەواوی شکاند، لەبەر ئەوە دانیشتنەکە نەکرا و دواخرا.

*** سەبارەت بەم گەلەکۆمەکێیەی باست کرد؛ باشە ئەم جۆرە بیرکردنەوە عەقڵیەت تەسکە لەسەر کورد بە مەرجێك کورد لایەنی هەرە سەرەکی بونیادنانەوەی وڵاتی لەئەستۆ گرت و تەنانەت پەرەپێدانی شەفافیەت و دیموکراتیەت و مەسەلەی تریش کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، ئەم گەلەکۆمەکێیە ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- هەر شتێك تایبەت بێت بە کورد ئەوان چەندەش لە دژی یەکتر وەستابن لە دژی کورد یەکدەگرنەوە، نەك تەنیا بۆ بودجە بۆ هەموو ماف و بەش و شتێکی تری تایبەتمەند بە کورد وەك ئەمجارەش هەموویان لە ئەنجومەنی وەزیران یەك هەڵوێستن، سێ برادەری وەزیری کورد بە تەنیا مانەوە و باقیەکەی بە تورکمان و بە ئۆپۆزسیۆن و ئەوانی تریش هەموویان لەگەڵ ئەوان یەکهەڵوێست بوون، بە راستی ئەمە شتێکی باش نییەو زیاتر پاڵ بە کوردەوە دەنێن و هانی



دەدەن بۆ ئەوەی ئەوە بزانرێت کە ژیان لەگەڵ ئەمانەدا ئەستەمەو حەتمیە کە کورد دەبێت بیر لە رێگەچارەکانی تر بکاتەوە، لەبەرئەوە من بەیاننامەیەکم نووسیوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئێمە داوای کۆنفیدراڵیەت بکەین و ببین بە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی ئەوسا کورد هەموو حەقێکی زیاد دەبێت و هەر لە چوارچێوەی نەخشەی عێراقیش دەمێنینەوە، دوو دەوڵەت لە ناو دەوڵەتێکی یەکگرتوودا دەمێنینەوەو ئیتر هەر ناوێکی بۆ دادەنێن ئایا دەوڵەتی کوردی یان دەوڵەتی عەرەبی لە بەرانبەردا ناو دەنێن یان هەرچی ناوبنێن تا عێراقێکی کۆنفیدراڵی بۆ خۆمان دروست بکەین، ئینجا ئەمە باشترین رێگەچارەیە بۆ کورد تا لە فیدراڵیەتەوە بگۆڕدرێت بۆ کۆنفیدراڵیەت، ئیتر ئەمە هەموو ساڵێك ئەم بەزمە بە کورد دەکەن لەسەر بودجەو لەسەر هەموو هەنگاوێکی تریشدا کە بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێت ئەم بەزمە دەکەن، لەبەر ئەوە کورد پێویستە تا زووتر چارەسەرێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە هێشتا درەنگە، بە رای منیش ئەم رێگەچارەی کۆنفیدراڵیەتە باشترین شتە چونکە وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی رازی نابن ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین، باشترین رێگەچارەیە ئێمە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی دروست بکەین و بارودۆخی خۆمان چاك بکەین..

*** بەم هەنگاوەی حکومەتی مالیکی سەلماندییەوە کە حکومەتێکە بۆ دروست کردنی کێشە نەك حکومەتێك بۆ چارەسەری کێشەکان، تەنانەت ئەم گرفتەی ئێستا پەرەی پێ دەسەنێت لە قۆناغی چارەسەریدا بووە، بەڵام ئەو بە ئەنقەست دەرگا لە چارەسەرەکان دادەخاتەوە، ئایا حکومەتێك لە بری رێگەخۆش کردن بۆ چارەسەری کێشەکان دەرگایان بەسەردا دابخات بۆ شاردنەوەی کێشەکانی خۆی، بەم شێوەیە چۆن وڵات بەڕێوە دەچێت؟**

- هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی شێوازی دروستی حکومداری نییە، بەڵکو خۆسەپاندنێکی بێتام و بە نەزاکەتی گرووپێکە کە گەلی عێراق بەڕێوەدەبەن، ئەگینا ئەمە کەی شێوازی سەردەمیانەی بەڕێوەچوونە. تەنانەت ئەم سەرۆك وەزیرانە لەگەڵ شیعەکانیشدا رێك نییە و ریزەکانی ناو ئەوانیشی تێك داوە، ئەگینا ئەمە وڵات بەڕێوەبردن نییە بەڵکو ئەمە بۆ خۆسەپاندنی کەسێکە تا خۆی زاڵ بکات بەسەر عێراقدا و حوکمێکی دیکتاتۆرانەی وڵاتەکە بکات، ئەگینا ئەمە هیچ سیمایەکی دەوڵەتداری تێدا نییە..

ئەم فشارانەی مالیکی یان شارستانی لەسەر کورد لەڕێی بودجەو فشاری ترەوە زۆر کاریگەری بۆ هەرێم نابێت لە رووی سیاسییەوە بەڵکو ئەمە دەبێتە پاڵنەرێکی راستەقینە تا کورد هەوڵ بدات ئابووری خۆی پەرەپێبدات و سەربەخۆی بکات و دوور بکەوێتەوە لە ئابووری عێراق تا هەر رۆژێك حەزیان لێ بوو بودجەی بدەنێ و هەر رۆژێك حەزیشیان لێ نەبوو نەیدەنێ، ئەمە زیاتر وا لە کورد دەکات هەوڵ بدات بۆ خۆی رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە، بە رای من ئەمە باشیشە بۆ کورد کە بۆ خۆی ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت و چارەسەری خۆی کردبێت لە رێگەیەکی وا بتوانێت سەربەخۆیی خۆی زیاتر بە دەست بهێنێت، موحتاجی هیچ شتێکی بەغدا نەبن، چونکە ئەوانەی لە بەغدا بڕیاریان بە دەستە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە وای پیشان بدەن کە وەك خێر و منەتێك شت بە کورد دەدەن بە مەرجێك ئەوان لە ساڵی ١٩٢٠بە دواوە خێروبەرەکەتی کورد دەخۆن و لە نەوتی کەرکوك دەبەن و عێراقێکیان پێ دروست کردو هیچ مافێکی رەوای گەلی کورد بە رەوا نازانن و بۆ خۆیان لە بەروبوومی خاکی کوردستان دەنۆشن، لە کاتێکدا ئەمە نەوتە لەسەر خاکی کوردستان بۆیە کوردیش دەبێت هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ گەڕانەوەی نەوتی خۆی بۆ خۆی و بەشی ئەوانیشی لێ بدات..

**ئەو بەشە بودجەیەی پەیوەندارە بە کورد لەبودجەی گشتی عێراق لای حکومەتی ناوەندیی بریتییە لەخاڵی سزادان بۆ هەرێم نەک بەخشینی بودجەی موستەحەق**

**لەئەنجومەنی وەزیران ئەوان هەموویان یەکهەڵوێستن نەک تەنیا بەرامبەر بەبودجە، بەڵکو بەرامبەر هەموو ماف و شتێکی تایبەتمەند بەکورد؛ ئەوان چەندەش لەدژی یەکتر وەستابن لەدژی کورد یەکدەگرنەوە**



**د.خەیروڵڵا حەسەن**

وەزیری بازرگانی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەوەی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لەناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بینیمان گەلەکۆمەکێی شۆڤینی عەرەبی بوو دژی کورد

**رۆژی سێ شەممەی رابردوو(٢٠١٤/١/١٤) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژە بودجەی عێراق بەبێ رەزامەندی وەزیرە کوردەکانی ناو کۆبوونەوەکە پەسەند کراو رەوانەی پەرلەمان کرا، لەو کۆبوونەوەیەدا کە بێجگە لە پرسی بودجە چەندین پرسی دیکەی تایبەت بە رەوشی ئەنبار و بەشەکانی دیکەی عێراقیش باسکراو لەنێوان وەزیرە عەرەبەکانی سوننە و شیعە لێکترازان و شەڕە قسەیەکی توند هەبووە، بەڵام کە هاتۆتە سەر بودجە و بەشەداهاتی هەرێمی کوردستان، وەزیرە عەرەبەکان بە سوننە و شیعەوە دژی کورد راوەستاونەوە و هەوڵیانداوە لایەنی کوردی فەرامۆش بکەن و بەبێ رەزامەندی کورد پرۆژەکە پەسەند بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم گەلەکۆمەکیە شۆڤینیە دژ بە مافەکانی کورد، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز د.خەیروڵڵا حەسەن بابەکر وەزیری بازرگانی عێراق کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە، ئەنجامداو بەمجۆرە ئەو واقیعەی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** هەتا ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەرچی کرایێت رەچاوی بنەمای تەوافق کراوە، تەنانەت حکومەتیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، بەڵام ئەوە ماوەی دوو ساڵە لە تێپەڕاندنی بودجە تێبینیەکانی لایەنی کوردستانی فەرامۆش دەکرێت، ئایا ئەمە کارتێك نییە دژ بە کورد بەکار دەهێنرێت؟**

- خۆتان دەزانن دروستبوونی حکومەتی عێراقی فیدراڵی ئێستا بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ و نیوە لەسەر بنچینەی رێکەوتنی هەمەلایەنەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی سەر شەقامی عێراقی بە هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراقەوە لەسەر بنچینەی پاراستنی ماف و داخوازییەکانی هەموو لایەنەکان دروست بووە، کەواتە پێویستە عەرەب بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزێت و کوردیش بەرژەوەندییەکانی عەرەب بپارێزێت و کەمە نەتەوەییەکانی تریش بە هەمان شێوە، ئەمەش هاوکێشەیەکی دروستە تا لەسەر چوارچێوەی دەستوور و عێراقێکی فیدراڵی کاری پێ بکرێت، بەڵام ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت بە شێوازی گەلەکۆمەکی نەك زۆرینە و لە دژی داخوازی و داواکارییەکانی کورد پیادەی هەندێك شت دەکەن، ئەمە ئەگەرچی بەرژەوەندی کورد تێکدەدات، بەڵام بەرژەوەندییەکانی هەموو کەمە نەتەوەکانی تریش بە عەرەبیشەوە تێکدەدات لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتە لەسەر بنچینەی رێکەوتن دروست بووە ئەگەر کارەکانیش بە رێکەوتن نەکرێت سەرلەبەری پرۆسەی کارەکان تێکدەچن، واتە شێوازی حوکمڕانی بەرەو تاکڕەوێتی دەچێت کوردیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شێوازی حوکمڕانی پێویستە راستەقینەیی بێت نەك تاکڕەوانە، وای لێدێت تەنیا لەلایەن چەند کەسێکەوە کۆنترۆڵی فەرمانڕەوایەتی بکرێت و حیساب بۆ هیچ کەس و لایەنی تر نەکرێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی سەرتاپای پرۆسەی حکومڕانێتی نییە لە عێراقدا..

*** لە ماوەی چەندین رۆژی رابردوو لێدوانەکانی کەسە نزیکەکانی مالیکی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە پشتیان بە بۆچوونە شۆڤینیەکانی لایەنە عەرەبیەکانی عێراق ئەستوورە، باسیش لەوە دەکەن هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمان بە تەنیا دەمێنێتەوە، ئایا ئەمەیە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیە لەگەڵ عێراق، یان ئەمە واتای پێکەوەژیانی زۆرەملێیانەیە؟**

- تەنیا کوردە کە بە تەنگ پێکەوەژیانە لە عێراقدا، تەنیا کوردە چاودێریی تەبایی و برایەتی و بەرژەوەندی گشتی هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عێراق دەکات، لە بواری پراکتیکی تەنیا کورد پیادەی سیاسەتی

**چەندە لەناو یەکتر تەبا یان ناتەبا یان چەند بە خوێنی سەری یەکتر تینوو بن، کە هاتە سەر بابەتی دۆزی کورد و بەرژەوەندی و داخوازییەکانی لایەنی کوردی، ئیتر شۆڤینیەتی عەرەبایەتی دەجووڵێتەوەو بۆ توندرەوێتی دژ بە کورد یەکیان دەخات**

**لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق لەسەر بنچینەی رێکەوتن دروست بووە ئەگەر کارەکانیش بە رێکەوتن نەکرێت سەرلەبەری پرۆسەی کارەکان تێکدەچن**

**هەر بابەت و خاڵێك بایی تۆزقاڵێك خێر و خۆشییەکی بۆ هاووڵاتی کورد تێدا بێت، بە لای هاووڵاتیەکی عەرەبییەوە بە زیادە حیسابی بۆ دەکرێت و ئەوانەشی جڵەوی بڕیار و کاربەدەستەوە دەگرن لە دژی کورد دەوەستنەوە**

**بارودۆخی سیاسی عێراق زۆر زۆر خراپە ئەگەر بەپێی بیرکردنەوەی لایەنی شۆڤێنی عەرەبی بەم شێوەیە بچێت بەڕێوە ئەوە سەرەنجام عێراق بەرەو کەرت بوونی حەتمی دەڕوات**

بەرژەوەندی گشتی دەکات، ئەوەتا ئەمساڵیش بە هەمان شێوە بە شـێوازی نەتەوەپەرسـتانەی عەرەبایەتی دژ بە کورد گەلە کۆمەکـێ دەکرێت، بە داخەوە ئەمجارە تورکمان و ئاشـوورییەکانیش لەناو ئەنجومەنی وەزیران چوونەتە پاڵ ئەم رەوتە نەتەوەپەرستیە توندەی عەرەبی بەرانبەر بـە کورد، ئەوەی ئێمە رۆژی سێشـەممەی رابردوو لە ناو ئەنجومەنـی وەزیرانی عێراق تێبینیمان کرد بەر لـەوەی بابەتی بودجەو هەرێمی کوردسـتان بێتـە ئاراوە هەندێ بابەتی تر بـاس کران کە پێوەندی بە بارگرژی نێوان سـوننەو شـیعەو هەندێ ناوچەی عێراقەوە بوو هەموویان لە دژی یەکتر قسـەیان دەکرد، بەڵام هەر کە قسـەوباس هاتە سـەر بەرێکردنی نەوت و بودجەی پێشـمەرگەو کێشەکانی تری نێوان هەرێم و بەغدا ئیتر بەشـێوەیەکی میکانیکی هەموویان خۆیان یەکدەنگ کردەوەو هەموان کەوتنە ناو سـەنگەرێك کە دژ بە لایەنی کوردی وەسـتانەوە، ئەمە مانای ئەوەیە چەنـدە لەناو یەکتر تەبا یان ناتەبا یان چەند بە خوێنی سەری یەکتر تینوو بن کە هاتە سەر بابەتی دۆزی کورد و بەرژەوەنـدی و داخوازییەکانـی لایەنی کوردی ئیتر شـۆڤێنیەتی عەرەبایەتی دەجووڵێتەوەو بۆ توندڕەوێتی دژ بە کورد یەکیان دەخات، ئەم توندڕەوێتیە سەرچاوەو پاشـخانێکی لەمێژینەی توندڕەوانـەی مەزهەبی و ئاینی و نەتەوەپەرسـتی هەیە وا بە سانایی لە زەینی هاووڵاتیانی عەرەبی عێراقی دانامرکێتەوە، کە وشەی کوردیان دێتە بەرگوێ بیر لە چەوسـانەوە و زۆرداری لـە دژی دەکەنـەوە، هەموو شـێوازێکی ئـازادی و سەربەخۆیی و خۆشـگوزەرانی کورد بە ناڕەوا دەبینن، ئەمـە بۆتە فەرهەنگێکی مێژوویـی رەگی داکوتیوە لـە ناویاندا، ئەو کاتەی وەزیرەکانی سـەر بە حوکمی ئەوکاتی سەدام حوسێن لە ئەنجومەنی بە ناو شۆڕشی ئەوکات کۆدەبوونەوە بابەتێك لەناو زەینیان چەسـپابوو، کە دەبێت کورد هەر داگیرکراو و چەوسـاوە بێت و بۆی نەبێـت زاتی ئـەوە بکات داوای ئـازادی ئابووری و هونەری و رۆژنامەنووسی و مافە ئینسانیەکانی خۆی بکات، ئەم رەوتە هەمان سـەرچاوەی شـۆڤێنی هەیە، بـەڵام ئەمڕۆ لە عێراقی دیموکراتـی و فیدراڵیدا ئەم رەوتـە بەهیچ جۆرێك نە لە ناوەوە نە لە دەرەوەی عێراق جێی قبوڵکردن نییە، ئەم رەوتە شۆڤێنیسـتیە تەنیا لە مەسەلەی تێپەڕاندنی بودجە رەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو هەر بابەت و خاڵێك بایی تۆزقاڵێك خێر و خۆشـییەکی بۆ هاووڵاتی کـورد تێدا بێت بـە لای هاووڵاتیەکی عەرەبییەوە بە زیادە حیسـابی بۆ دەکرێت و ئەوانەشی جڵەوی بڕیار و کاربەدەسـتەوە دەگـرن لە دژی کورد دەوەسـتنەوە، ئیتر لە کرێکارێکی ئاسـایی تا دەگاتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندام پەرلەمانەکانیان و تـا هاووڵاتیانی ئاسـایی تا ئێسـتاش فێری ئەوە نەبوون کە چـۆن ئەم زەینیەتە تونـدڕەوە دژ بە کورد بسڕنەوە، دەبێت بزانن پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە عێراقدا لەسەر بنچینەی پاراسـتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دروسـت دەبێت، ئەگەر نەتەوەی عەرەب لە ناو عێراقدا بیەوێت لەگەڵ کورد بژی پێویسـتە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، کوردو نەتەوەکانی تریش بە هەمان شێوە دەبێت بینەچاودێر لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تر و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆشیان لەلایەن ئەوانی تـرەوە پارێزراو بێت، بەڵام ئـەوان هەرچی بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت بەرەوای دەزانن هەموو شـتێکی بۆ بکەن، بـەڵام کە بەرژەوەندی کورد دێتە پێشـەوە لێی دەچنە سەنگەرەوە، وەك ئەوەی رۆژی سێشەممە بینیمان وەزیرە سوننەکان لە شیعەکان توندتر هاتنە سەر خەت لە دژی کوردو شیعەکانیش لە سوننەکان توندتر.

*** سـەبارەت بەم گەلەکۆمەکێیەی باسـت کرد، باشە ئەم جۆرە بیرکردنەوە عەقڵیەت تەسـکە لەسـەر کورد بە مەرجێك کورد لایەنی هەرە سـەرەکی بونیادنانەوەی وڵاتی لە ئەستۆ گرت و تەنانەت پەرەپێدانی شەفافیەت و دیموکراتیەت و مەسـەلەی تریش کە عێراقی نوێی لەسـەر دامەزراوە، ئەم گەلەکۆمەکێیە ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- کـورد تەنیـا هۆکارێکـی سـەرەکی نەبـووە لە دروستکردنەوەی عێراقدا، بەڵکو دەیان ساڵی تێکۆشان و خەباتی کورد لە بەرانبەر عەقڵیەتی دیکتاتۆریەتی یەك لەدوایەکی ناو عێراق سـەلماندویەتی کە کورد یەکێك بووە لە رەوتی سەرەکی راستخوازی و پێشکەوتنخوازی لـە عێراقدا و داوای کورد بەردەوام بۆ ماوەی زیاتر لە شەست و پێنج ساڵە لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی تری عێراقـی مکوڕتر هەوڵی چەسـپاندنی دیموکراتی بۆ هەموو گەلانی عێراقی داوە نەك تەنیا بۆ خۆی، لەبەر ئەوە کورد زۆر لە مێـژە خەریکی موبارەزەیە لە دژی دیکتاتۆریـەت و چەسـپاندنی دیموکراتی لە عێراقدا، هەروەها لە دروسـتکردنەوەو بونیادنانـەوەی عێراقی نوێدا تا ئێسـتاش کورد هۆکارێکی سـەرەکی بووە بۆ تەبایی و دیموکراتی، ئەمڕۆ بڕیاربەدەسـتانی عەرەبی لە ناو پرۆسـەی سیاسی لە کورد تێناگەن کە باس لە ئازادی و دیموکراتی و تەبایی دەکات بە شارستانیانە، وا دەزانن بۆ بەرژەوەنـدی تایبەتی خۆی دەیەوێت ئەم داخوازییانە بچەسپێنێت، کورد نایەوێت شارەکانی ناوەندو باشووری عێراق بە وێرانەیی ببینێت و رۆژانە بە سەدان


هاوولاتی خوێنی لە شــەقامەکاندا بڕژێنرێت و تەنیا شــارەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاسوودەیی و ئارامی دوور لەوان ژیان بەســەر بەرن، بەڵکــو ئەم ئاوەدانی و جوانییەی شارەکانی هەرێم ببێتە نموونەیەك شارەکانی تری عێراقیش هاوشێوەی بن. بەڵام ئەگەر کەسانێکی سیاســەتمەدار کە جڵەوی فەرمانڕەوایەتییان لە دەستە لە بری ئەوەی بیر لە ئاوەدانی شــارەکانی تری عێراق بکەنەوە بیریان تەرخان بکەن بۆ شــێواندنی بارودۆخی سەرجەمی عێراق تا هەرێمی کوردستانیش بگەیەنن بەو ماڵوێرانییەی لە شارەکانی خۆیاندایە، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان دەبێت بیر لە ڕێگەچارەیەکی تر بکاتەوە، لێتان ناشارمەوە کە بارودۆخی سیاسی عێراق زۆر زۆر خراپە ئەگەر بەپێی بیرکردنەوەی لایەنی شۆڤێنی عەرەبی بەم شێوەیە بچێت بەڕێوە ئەوە سەرەنجام عێراق بەرەو کەرت بوونــی حەتمی دەڕوات، لایەنــە توندڕەوەکانی عێراق جۆبایدن تاوانبار دەکەن بەوەی نەخشــەی دابەشبوونی عێراقی دارشــتووە، جۆی بایدن بــاس لەوە دەکات کە لایەنە سیاســییەکانی عێراق شتێك دەکەن و دەیانەوێت بەو شــێوەیە عێراق دابەش بێت ئەو ناڵێت عێراق دابەش بکەن، بەڵکو ئەمان خۆیان دابەشــی دەکەن و خەڵکی تــری پێ تاوانبــار دەکەن، تەنانەت لە دابەشــکردنی بودجەو پایەو شتەکانی تریش بە هەمان شێوە خۆیان بە هۆی توندڕەوێتیانــەوە زیان بە خۆیان و خەڵکی تریش دەگەیەنن و کوردیش تاوانبار دەکەن..

*** ئێوە وەك نوێنەری ڕاســتەقینەی میللەتێك لە بەغدا شەڕی دوای پەســەندکردنی پرۆژەیاساکەی بودجە لە بەغداو شــەڕی ڕۆژانی داهاتووتان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان تا داواکاری و تێبینیەکانتان لە پرۆژەیاسایەکە بچەسپێنن چی دەکەن؟**

- ئەمە بە شەڕی نازانین بە ئەرکی سەرشانی دەزانین داکۆکی لە مافەکانــی گەلەکەمان بکەین، بەرنامەی داهاتــوو بە هەمــان شــێوە دەبێت لایەنــی بەرانبەر تێبگەیەنیین کە داواکارییەکانی کورد ڕەوایە و دەستوورین و یاساییین، بۆ ئەوەی کورد بتوانێت بەرنامەیەك دابنێت پێویستە لە شێوازی دانوستاندن و ڕاگەیاندراوی لابەلا و کۆبوونــەوەی داخراو دەربچین و بێینە ســەر دانانی بەرنامە بۆ نووسینی یاساکان و چەسپاندیان وەك یاسای نــەوت و گاز، ئەگینا ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی لە نێوان هەرێم و بەغدایە هەر بەم شــێوەیە دەمێنێتەوە، ئەگینا هەر هەناردەکردنی نەوت لە لایەن کوردەوە بە ڕەوا نازانن و بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبینن، پێشمەرگە سێ سنووری ئاڵۆزی عێراق کە دەبەبەســتێتەوە بە تورکیاو ســوریاو بەشێکی ئێرانەوە زۆر بە کارامانە پاراستوونی، تەنانەت زۆربەی شــوێنەکانی دەرەوەی کەرکوك و موســڵ و دیالاو تکریت دەپارێزن بێ ئەوەی هاوولاتیانی ناوچەکە زامداربن بە دەستیانەوە هەمووان وەك یەك دەپارێزن بەڵام کە دێتە ســەر بەشە بودجەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە ســوپای عێراق ڕەتدەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بە سەدان ملیار دیناری عێراقی بۆ سوپایەك تەرخاندەکرێت کە یەك پارێزگای عێراقی پێ نەپارێزراوەو ئەم هەموو کوشت و بڕ و تەقینەوانەی تێدا دەقەومێت، کەچی ئەم ئاسایش و ئارامیەی لەسەر دەستی پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەکانی کوردســتان لە هەرێمی کوردســتان و دەوروبەری هەیە ئامادە نین تەنیا یەك دۆلار بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج بکەن، بە رای من چارەسەرکردنی ئەمە بە کۆبوونەوەو ناردنی شاند لە دوای شاندو هاتنی شاندی بەرانبەر و ئەمانە نابێت، بەڵکو بە ڕێکەوتنی سیاسی بە شێوازی




ریشــەهێن لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەنجام دەدرێت و دەبڕێتەوە، ئەگەر بکرێت باشە ئەگەر ناکرێت پێویســتە بە زووترین کات کورد بیر لەچارەســەری تر بکاتەوە، ئەگەر تا ئێســتاش کورد بە هاوبەشی خۆیان نازانن و بە میوانی دادەنێن، بەڕێز ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان کاك مســعود بارزانی زۆرجار ئەمەی پێ وتوونەتەوە کە کورد میوان نییە لە عێراقدا، بەڵکو کورد شەریك و هاوبەشــە لە عێراق بەم پرەنسیپەوە پێویستە ڕێکەوتنی سیاســی ئەنجام بدرێت لە عێراقدا و هەموو لایەنە باڵادەســتە سیاســییەکانی عێراق تێبگەیەنرێن کە کورد هاوبەشی ڕاســتەقینەیە لە حوکمی عێراقدا، ئەگەر هاوبەشــە بەشەکانی خۆی دیاریبکرێت، ئەگەر وەك میوانمان تێدەگەن ئەوە خواحافیزییان لێ دەکەین و ماڵی خۆمان لە هی ئەوان جیا دەکەینەوە.



پرۆفیسۆر زەکاری لۆکمان بۆ گوڵان:

# نەخشەی سایکس – بیکۆ هۆکاری سەرەکی ئەو کێشە و گرفتانەیە کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیبینین




**دوای تێپەڕبوونی ٣ ساڵ بەسەر گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و بارودۆخی ئاڵۆزی سوریا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چ ئاییندەیەك هەنگاو هەڵدەگرێت، هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەم ناوچەیە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و شەڕی تیرۆریستان و شەڕی تایفەگەری هەنگاو هەڵدەگرێت و هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە تا ئاییندەیەکی دوور زەحمەتە ئەم ناوچەیە سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە پەیوەندیمان کرد بە پرۆفیسۆر زەکاری لۆکمان ئوستادی دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی نیویۆرك و بەمجۆرە راو بۆچوونەکانی خۆی بۆ گولان خستەڕوو.**

*** ئێستا سێ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە کە پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، بەڵام تا ئێستا دۆخەکە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆر خراپە و دەکرێت بە زستانی عەرەبی ناوزەدبکرێت لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ چۆن دەبینیت؟**

- دەبێت لە روانگەیەکی مێژوویی درێژخایەنەوە لەم پرسە بڕوانین، کەواتە نابێت بیر لە ساڵێك و دوو ساڵ و سێ ساڵ بکەینەوە، بەڵکو دەبێت بیر لە دەیەیەك یان بیست ساڵ بکەینەوە، چونکە تەنها دوای دەیەیەك لە ئێستا، یاخود بیست بۆ سی ساڵی دیکە، ئەو کاتە تێدەگەین کە ئەم رۆژگارە چی بووە. راپەڕینە عەرەبییەکان بوونە تەحەددی بۆ سیستمە سیاسیە کۆنەکە، یاخود لاوازیان کرد یان تێکیانشکاند. لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەنجامە ئیجابییەی خەڵکی ئومێدی پێی هەبوو، وەك دروستکردنی سیستمێکی سیاسی دیموکراتی نوێ، و دادپەروەریەکی کۆمەڵایەتی زیاتر و بەشداریەکی زیاتر لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە حکومەتەکانیاندا هێشتا نەهاتۆتەدی. لە هەندێ حاڵەتدا هەرەسهێنان و رووخانی سیستەمە کۆنەکە بوونە هۆی هاتنەئارای هەندێ پەرەسەندنی نەخوازراو، وەك شەڕێکی ناوخۆیی زۆر خوێناوی لە سوریا، و ناسەقامگیری لە لیبیا، کەواتە ئەنجامەکان تێکەڵ و پێکەڵن، بەڵام لە هەندێ رووەوە هێشتا زووە بەرگی شکست بکەینە بەریان.

چونکە هێشتا روون نییە رەوتی رووداوەکان لە مەودای دووردا بە چ ئاراستەیەکدا پەرەدەستێنن. ئەوە راستە لە میسردا بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆنەها کەس هاتنەسەر شەقامەکان و داوای دادگەری کۆمەڵایەتیان دەکرد و داوایان دەکرد وەك هاووڵاتیەکی خاوەن کەرامەت هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت. ئێستاش رژێمێکی سەربازی حکومڕانی گرتۆتەوەدەست و دەیەوێت میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. بەڵام من دڵنیانیم لەوەی ئێمە بە کۆتایی چیرۆکەکە گەیشتبین، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوودا بزانین پەرەسەندنەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەبن، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تەواومان لا گەڵاڵەبێت، کەواتە ئەمە قۆناغێکی راگوزەری و قۆناغی ناسەقامگیریە، هەروەها قۆناغی هەڵکشانی تایەفەگەریە لە زۆر شوێندا، لە عێراق و سوریا بە روونی ئەمە دیارە، ئێمە شەڕی بە وەکالەت دەبینین لە نێوان ئێران لەلایەك و سعودیە لەلایەکی دیکەوە، کە هەر یەکەیان چەك و پارە بۆ هاوپەیمانە مەحەلیەکانیان دەنێرن، کە دەرئەنجامی زۆر خراپ و زۆر خوێناوی لێدەکەوێتەوە بۆ خەڵك. بەڵام ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی گونجاو بۆ ئەم قۆناغە، کاتێکی زۆری دەوێت.

**راپەڕینە عەرەبییەکان بوونە تەحەددی بۆ سیستمە سیاسیە کۆنەکە، یاخود لاوازیان کرد یان تێکیانشکاند**

*** ئێمە دەزانین لە رووی مێژووییەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی رێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ بووە و بە گوێرەی ئەم نەخشەیە وڵاتان لەسەر بنەمای فرەیی نەتەوەیی و ئیتنی دروستکران، بەڵام هەروەك دەزانن هەموو وڵاتانی ناوچەکە کێشە و ناکۆکی ئیتنی و نەتەوەییان هەیە، ئایا رێککەوتنەکە هۆکاری ئەوەیە کە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە گیرۆدەی ناکۆکی ئیتنی بن؟**

- ئەوە راستە کە زۆرێك لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیەکانەوە- بە گوێرەی بەرژوەندی خۆیان- کێشراون، ئەو سنورانەش هۆکاری یارمەتیدەر بوون بۆ بوونی ئەو ناکۆکیانەی ئێستا دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم دەکەین. بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وریا بین، چونکە بەلای کەمەوە لە ئەمریکا ئەو ستراتیژیستانە هەن کە پێیانوایە پێویستە ئەم وڵاتانە لەبەریەك هەڵبوەشێنرێنەوە و دەبێت سنورەکان بە گوێرەی دابەشبوونی ئیتنی یان ئایینی بکێشرێنەوە، بەڵام ئەمە کارێکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك دەستکاری ئەم سنورانە کرا، ئەوا سەردەکێشێت بۆ خوێنڕێژیەکی زۆر... لەبەر ئەوە دەبێت لەم رووەوە زۆر وریا و بە ئاگابین. بە دڵنیاییەوە لەم کۆمەڵگەیانەدا، بۆ نموونە لە عێراقدا، ئەگەرچی بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ کەمینەی سوننەکان بەسەر زۆرینەی شیعەکاندا زاڵبوون، بەڵام تەفاعولێکی کۆمەڵایەتی زۆر هەبوو کەسەری کێشا بۆ ژن و ژنخوازی، کەواتە تایەفەگەری مۆدێلێکی دەشتەکی نییە، بەڵکو دەستکرد و دروستکراوی سیاسەتە. دەکرێت وێنای ئەوە

**ئێمە شەڕی بە وەکالەت دەبینین لە نێوان ئێران لەلایەک و سعودیە لەلایەکی دیکەوە، کە هەر یەکەیان چەک و پارە بۆ هاوپەیمانە مەحەلیەکانیان دەنێرن، کە دەرئەنجامی زۆر خراپ و زۆر خوێناوی لێدەکەوێتەوە بۆ خەڵک**

بکرێت کە شێوازی دیموکراسی و شێوازی بەشداریکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی تایەفەگەریدا بگیرێتەبەر، راستە ئەمە کارێکی قورسە، بەڵام مەحاڵ نییە. چونکە دەکرێت وێنای بوونی پێگەیەکی گونجاو و دانپێدانراو بۆ کەمینەی کوردەکان لە تورکیادا بکەین، کە زەمانەتی مافە کەلتوری و سیاسیەکانیان بکات و ئەمەش گۆڕانکاریەکی گەورە لە سیاسەت و لە کۆمەڵگەی تورکیادا دروست دەکات، بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە هەر هەموو کەسێك لە تورکیادا شەڕی لە پێناودا بکات، هەروەها بۆ پەیوەندیەکانی کەمینە و زۆرینەکانیش گرنگە. لەبەر ئەوە من دڵنیانیم لەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشبوونەی رێککەوتنی سایکس بیکۆ هێناویەتیە ئاراوە، -ببێتەهۆی کۆتایی هێنان بە کێشەکان-، ئەوەی دەگوزەرێت خەباتێکی ناوخۆییە لەنێو هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا- ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە رەهەندێکی ئیقلیمی و جیهانیشی هەیە-. خەبات لە پێناوی ئەوەی هەر یەکێك لەم وڵاتانە چی بن، مەبەستم لەوەیە ئایا رۆڵی ئەو هاووڵاتیانە چی دەبێت کە باڵادەست دەبن بەسەریاندا و ئایا چ سیستمێکی سیاسی پیادە دەکرێن، راستە ئەمە هاوشان بوو بە خوێنرێژیەکی زۆر و بە شەڕی قێزەون کە هاووڵاتیان باجێکی زۆریانداوە، بەڵام مەرج نییە ئەمانە شەڕێك بن سەربکێشن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سنوورە کۆنەکان.

**دەکرێت وێنای بوونی پێگەیەکی گونجاو و دانپێدانراو بۆ کەمینەی کوردەکان لە تورکیادا بکەین، کە زەمانەتی مافە کەلتوری و سیاسیەکانیان بکات و ئەمەش گۆڕانکاریەکی گەورە لە سیاسەت و لە کۆمەڵگەی تورکیادا دروست دەکات**

*** راستە هێزە کۆلۆنیالیەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان سنوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشاوە و بەریتانیا و فەرەنسا لە پێناو ئاسانتر کۆنترۆڵکردنی خاکی ئەم وڵاتانە ئەم کارەیان کرد، بەڵام بۆچوونتان چیە لەبارەی ئێستاوە، ئایا پێویستە ئەم هەڵەیە بەردەوام بێت، ئایا دەبێت چارەنووسی ئەم نەتەوانە بکرێتە قوربانی نەخشەیەکی کۆن؟**

- هەر یەکێك لە رێگاچارەکان باجی خۆی هەیە، بێگومان نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەخشەی ناوچەکە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دارێژرا، ئەمەش سەریکێشا بۆ چەندین سەرکوتکاری، سەرکوتکاری کەمینە نەتەوەییەکان و کەمینە ئاینیەکان و فۆرمە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم... ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، هەروەك ئاماژەم پێکرد، دووبارە دارشتنەوەی سنورەکان- و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی دانیشتوانە تێکەڵەکە - دەرگا لەسەر خوێنرێژیەکی زیاتر دەکاتەوە، ئەمە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بە ئاسانی و بەبێ خوێنرێژی و ئازار نەکراوە. کەواتە ئەگەرچی بە رادەیەکی گەورە سنورەکان لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە کێشراون-ئەگەرچی تورکیا تا رادەیەکی کەم جیاوازی هەیە، چونکە دروستکردنی دەوڵەتی تورکی و کۆماری تورکیا لە بەشێکیدا بەرئەنجامی رەتکردنەوەی مەرجەکانی کۆلۆنیالیزم بوو، واتە جڵەوی ژیانیان گرتەدەستی خۆیان و بەمەش رادەیەکی باشی شەرعیەتیان بەدەستهێنا- بە دڵنیاییەوە لە چاوی هەموو کەسێکدا نا-. بەلای منەوە



نەخشەی سایکس بیکۆ کە ناوچەکەی دابەشکردووە بەشی A بۆ فەرەنسا و بەشی B بۆ بەریتانیا بوو

تەحەددیە راستەقینەکە بریتییە لە دۆزینەوەی شێوازێکی دیموکراسی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە، کە مەرج نییە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەوڵەتانە لە خۆبگرێت، بەڵکو کاربکرێت لە پێناو زامنکردنی مافە دیموکراتیەکانی هەموو کەمینە ئیتنی و ئایینیەکان و سیستمێکی دیموکراسی فرەیی و فرەکەلتوریت هەبێت، کە تێیدا هاووڵاتیان مافی مومارەسەکردنی مافە زمانەوانی و ئیتنی و نەتەوەییەکانیان-کەمینەی نەتەوەییان- هەبێت لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە مافی بەشداریکردنیان لە حکومەتدا هەبێت. بەلای منەوە ئەمە رێگایەکی باشترە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بەڵام رەنگە لەسەر ئەرزی واقیع پەرەسەندنەکە بەم ئاراستەیەدا بێت و رەنگە واش نەبێت.

*** بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان پێویستە نەخشەی سایکس بیکۆ بگۆڕدرێت، بە چەشنی ئەوەی لە ناوچەی بەلقاندا روویدا، واتە دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای خواستی هاووڵاتیان برەخسێنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەی بە بەلقانکردنی ئەم ناوچەیەیە؟**

- تێگەیشتنی من ئەوەیە بەشێکی زۆری جیهان ئامادەی ئەو کارە نییە، دەرسگەلی جیاواز هەیە کە لە یوگسلافیای




پێشووەوە فێری بین، راستە دابەش بوو، بەڵام شەڕێکی زۆر خوێناوی لێکەوتەوە و خەڵکانێکی زۆر ئاوارە بوون، کە بۆ چەندین سەدە شان بە شانی یەکتر و لە ئاشتییەکی رێژەییدا پێکەوە دەژیان، کەواتە لە زۆر رووەوە ئەمە ئەزموونێکی دڵخۆشکەر نییە، هەروەها دۆخی هاوشێوە دەبینین لە بەشێکی زۆری جیهاندا. کەواتە دابەشکردنی ئەو وڵاتانەی لە ئارادان باجێکی زۆری دەوێت. بە دڵنیاییەوە داواکارییەکانی کەمینەی کوردەکان لە تورکیا بۆ خۆبەڕێوەبەری داوایەکی واقیعیە و قابیلی تێگەیشتنە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام ئایا باشترین چارەسەر ئەوەیە دووبارە سنورەکان دابڕێژرێنەوە، ئەمە روون نییە. ئێستا ئێمە ئەزموونی سودانی باشورمان هەیە، کە بەرئەنجامی سەربەخۆبوونە لە سودان، کە ناسەقامگیری زیاتری لێکەوتەوە و شەڕی ناوخۆیی لە سودانی باشوردا- کە دەوڵەتێکی تازەدامەزراوە- لێ دروست بوو، نموونەی دیکەش هەن. من باسی راستی و هەڵە ناکەم، من باوەڕم بە مافی بڕیاردانی چارەنووسە و دەبێت ئەمە بە جددی وەربگیرێت لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە کێشانی سنوری نوێ چەرمەسەریەکی زۆری لێدەکەوێتەوە بۆ زۆرێك لە خەڵك لە نێویاندا ئەوانەی پێشتر کەمینەیی نەتەوەیی بوون. کەواتە دەبێت زۆر وریابین لەم رووەوە و لە وێنە گەورەکە بڕوانین و بیر لەوە بکرێتەوە ئایا رێگای دیکە هەیە بۆ هێنانەدی داخوازییەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئیتنی و ئاینییەکان- کە داخوازی تەواو رەوا و شەرعین-، وەك مافی خۆبەڕێوەبەری.

*** هێنانەدی سەقامگیری و ئاشتی بۆ ناوچەکە پێویستی بە گرتنەبەری دیپلۆماسیەت هەیە، واتە ئەگەر جیهان نەتوانێت نەخشەی سایکس بیکۆ بگۆڕێت و ئەگەر پێی نەکرێت دیپلۆماسیەتێکی فرەڕەهەندی پیادە بکات، ئایا تا چ ئاستێك ناسەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبێت؟**

- ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر ناسەقامگیری و شەڕ و توندوتیژی ببینین لە ناوچەکەدا، دووبارەی دەکەمەوە سوریا نموونەیەکی روونە لەم رووەوە، کە شەڕێکی ناوخۆیی زۆر خوێناوی هەیە، لە رووی سەربازییەوە بە بنبەستگەیشتن هەیە، بەڵام ئەمە تەنها شەڕێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو شەڕێکی هەرێمییە، بەڵام بە وەکالەت دەکرێت، کە تورکیا و سعودیە و ئێران دەستێوەردان دەکەن و ئێستاش لەگەڵ شەڕەکەی عێراقیشدا یەکتریان بڕیوە. من گومانم هەیە لەوەی چارەسەرێکی سەربازی هەبێت کە جێی دڵخۆشی بێت. بەڵام پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هەندێ رۆڵی ئیجابی ببینێت، ئەویش بە هاندانی پرۆسەی گفتوگۆکردن، بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنن و ئەو کارەساتە مرۆییە گەورەیە چارەسەربکرێت، کە رووبەڕووی خەڵکی سوریا و هەروەها خەڵکی عێراق و خەڵکی ناوچەکانی دیکەش بۆتەوە. بە دڵنیاییەوە - بە شێوەیەك لە شێوەکان- پرۆسەی گفتوگۆکردن گرێدراوە بە پەیوەندی ئەمریکا و ئێرانەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێران بەشێك نەبێت لەم پرۆسەیە، ئەوا ئەگەری سەرکەوتنی لێناکرێت، هەروەها گرێدراوە بە پرسی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، بەڵام باشترین رۆڵێك کە ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و روسیا و لایەنەکانی دیکە ببینین، ئەوەیە بە جددی بێنە ناو پرۆسەکەوە و ئەو دەسترۆیشتووییەی هەیانە لەسەر هاوپەیمانە مەحەلیەکانیان بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە رووی دیپلۆماسیەت و سازشی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت، ئەمە لەبری ئەوەی تەنها چەك بنێرن، چونکە ئەمە تەنها ئاگری شەڕەکە خۆش دەکات و ئەگەری ئەوەی لێناکرێت چارەسەرێکی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە، کەواتە ئەمانە کێشەی گەورەن لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، کە هێشتا ئەو رۆڵە ئیجابییەیان نەبینوە کە دەتوانن ببینن- ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوە و دەسترۆیشتوییەی هەیانە. ئومێدەکە ئەوەیە دەست بە بینینی ئەم رۆڵە بکەن، دەبێت ئەمریکا... گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات و جددیتر بێتەپێشەوە، بەڵام من ناتوانم بڵێم ئەوە روودەدات یان نا.

**بە دڵنیاییەوە داواکارییەکانی کەمینەی کوردەکان لە تورکیا بۆ خۆبەڕێوەبەری داوایەکی واقیعیە و قابیلی تێگەیشتنە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت**



# جەنگی سیلڤاکیر و مشار لە باشووری سودان..

## دەرفەتەکانی چارەسەر و ئاڵۆزییەکانی قەیرانەکە

ئەسما ئەلحوسەینی/ قاهیرە: گوڵان



دوای مانگێك لە هەڵگیرسانی، جەنگی باشووری سودان پێی ناوەتە قۆناغێکی ئاڵۆز کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هۆی ئیشکالیەت و ئاڵۆزیی زیاتر لەسایەی ئەو بارودۆخە لەرزۆکەی لە باشووری سودان و ناوچەکە بە گشتی هەیە، لەگەڵ بەردەوام بوونی شەڕ و بەرفراوان بوونی جوگرافیی کە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و تا ئێستا نەگەیشتوونەتە چارەسەرێك بۆ راگرتنی شەڕەکە، سەرەڕای ئەو فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەی لەسەر هەردوو لا هەیە، کوشتنی رمەکی زۆر بووە و خوێن رژاوە و دەنگی تفەنگ و بۆنی باروت بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە، لە میانەی پرۆسەی سەربازی کە یەك مانگی خایاند کوشتن و تۆڵەسەندنەوەی درندانە روویدا کە مۆرکێکی نەژادی پێوە دیاربوو بەتایبەتی لەنێوان هەردوو هۆزی دینکا کە سیلڤا کیری میاردیتی سەرۆکی باشووری سودان سەر بە ئەوە و نویر کە دکتۆر ریاك مشاری جێگری پێشووی سەر بەو هۆزەیە، ئەم جەنگە بووە هۆی کوشتنی هەزاران و ئاوارە بوون و مەینەتی بۆ سەدان هەزار کەس کە ئێستا مەترسیی برسییەتی و نەخۆشی و مردنیان لێدەکرێت، وەك ئەوەی بڵێی کوشتن و ئاوارە بوون قەدەری باشووری سودان و هاووڵاتیان بێت کە لە دەست جەنگێك دەیاننالاند پەنجا ساڵی کێشا، ئینجا بە زۆرینەی رەها دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئەوەی ئەمرۆ روودەدات واقعێکی تاڵە بۆ هاووڵاتیانی باشووری سودان کە لە سودانی وڵاتی دایك رایانکرد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و راکردن لە فەرامۆش کردن و زوڵم و ململانێ و گەندەڵی، کەچی رووبەڕووی دەوڵەتێك دەبنەوە کە ئەوەی لەبەریان راکردووە بەرهەمی دەهێنێتەوە، سەرکردایەتی و نوخبە سیاسییەکانی باشووری سودان زۆر ئارامییان نەگرت بۆ بەدی هێنانی زۆر لەو پێشبینیانەی کە دۆست و نەیارانیان لێیا چاوەڕێ دەکرد و مەترسی ئەوەشیان هەبوو کە دەوڵەتەکەیان رەنگە تووشی شکست بێتەوە، بەر لەوە ئەم دەوڵەتە نوێیە دوو ساڵ و نیوی تەمەنی تەواو بکات، ململانێیەکی سیاسی لەسەر کورسیی دەسەڵات لەنێوان سیلڤاکیر و جێگری پێشووی مشار و تیمەکەی کە چەند سەرکردەیەك لەخۆ دەگرێت و هەموویان دژی سیلڤاکیر کۆبوونەوە و بە دەسەڵاتدارێکی دکتاتۆر تاوانباریان کرد، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە ئەنجامدانی کودەتا دژی تاوانباری کردن.

شکست هێنانی باشووری سودان چەندین هۆکاری بابەتی هەیە، لەوانە فاکتەری ناوخۆیی کە پەیوەستە بە گەندەڵی و بێ توانایی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی وڵات و نەبوونی ئاشتەواییەکی بەرفراوان، نوخبە سیاسییەکانی باشووریش بەشدار بوون بەشێوەیەك لەم شکستە، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەشێکی زۆری ئەم شکستەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش بە وازهێنان لەو بەرپرسیاریەتییەی بەرامبەر بەم دەوڵەتە نوێیە هەیبوو و بەجێ نەگەیاندنی بەڵێنەکانی لە کۆنگرەی وڵات کۆمەك بەخشەکان و بەشداری نەکردنی وەکو پێویستی لە شیاندنی سوپا و پۆلیس و بونیاتنانی توانا و ژێرخانی، هەروەها پەیوەندیی شڵەژاوی لەگەڵ خەرتوم رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ئاڵۆزترکردنی بارودۆخی باشوور و نەبوونی کەلوپەلی پێویست لە باشوور دوای وەستاندنی ناردنە دەرەوەی نەوت نارەزایەتییەکانی زیاتر کرد.

**ئەوەی ئەمرۆ روودەدات واقعێکی تاڵە بۆ هاووڵاتیانی باشووری سودان کە لە سودانی وڵاتی دایك رایانکرد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و راکردن لە فەرامۆش کردن و زوڵم و ململانێ و گەندەڵی**



**شەڕەکانی باشوور سەلماندیان ئەو لایەنەی هێزەکانی تووشی شکست دەبن، دواتر هێزەکانی دەبن بە میلیشیا و بە حوکمی واقعی جوگرافی و هۆزی و نەژادی و سنووری ئاڵۆز، دەتوانن گیروگرفت ئاستەنگ دروست بکەن**

سەرەڕای ئەو هەموو شەڕانەی لەنێوان هەردوو لادا لە گەرموگوڕیدایە و شەڕەکان زیاتر لە شەڕی پارتیزانی دەچن، بەڵام پێناچێت هیچ لایەکیان بتوانێت لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایان بکاتەوە و هەریەکیان هەوڵ دەدات هەڵوێستی خۆی لە کاتی دانوستاندنەکان بەهێزتر بکات ئەویش بە دەستگرتن بەسەر ناوچە دەوڵەمەندەکان بە پترۆل و شارە سەرەکییەکان، ئەگەرچی هێزەکانی سیلڤاکیر لە چەند رۆژی دواییدا بە هاوکاری هێزەکانی ئۆگەندا سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە، بەڵام لەناوبردنی هێزەکانی مشار کێشەکە چارەسەر ناکات و تا ئێستا ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە بیری لێنەکراوەتەوە، چونکە شەڕەکانی باشوور سەلماندیان ئەو لایەنەی هێزەکانی تووشی شکست دەبن، دواتر هێزەکانی دەبن بە میلیشیا و بە حوکمی واقعی جوگرافی و هۆزی و نەژادی و سنووری ئاڵۆز، دەتوانن گیروگرفت ئاستەنگ دروست بکەن.

ئەگەرچی سیلڤاکیر شارەزاییەکی زۆری لە بواری هەواڵگری و سەربازیدا هەیە و هەژموونی بەهێزە لەنێو سوپا و دامودەزگاکانی دەوڵەت و چەندین توێژی بەرفراوانی بەهێزی هۆزەکان لە گەورەترین تیرەکانی هۆزی دینکا و ئەو هاوپەیمانیەتیانەی هەوڵدەدات پێکیان بهێنێت لەگەڵ سەرکردە کاریگەرەکانی دیکە لە هۆزەکانی نویر بۆ لێدانی مشاری جێگری، بەڵام ناکرێ نەیارەکانیشی حیسابیان بۆ نەکرێ، چونکە سەرکردەن و خاوەن مێژوو و جەماوەر و لایەنگری زۆرن لە شارەزایی سیاسی و سەربازی. ئەگەر هەردوو لا نەگەیشتنە لێك تێگەیشتنێك ئەوا رەنگە ململانێی نێوانیان ببێتە کردارێکی خۆکوژی بۆ هەردوو لا بە یەکەوە، و سەرتاسەری باشوور ئەگەر ململانێی دیکەشی بێتە سەر کە ئێستا لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان لە ئارادایە، چونکە لەم جۆرە ململانێیانە فاکتەری سەربازی و سیاسی و خێلەکی تێکەڵ دەبن لە ژێر سایەی واقعێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئاڵۆز، لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هەندێك بەرز بوونەتەوە کە بە پێویستی دەزانن دەوڵەتی باشوور بخرێتە ژێر ویسایەی نێودەوڵەتی، هەروەها مەترسی هەیە لە ئاکامەکانی دەستێوەردانی چەند لایەنێکی هەرێمی کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم وڵاتە یەك ناگرێتەوە وەك ئۆگەندا و سودان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باشووری سودان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی هەرێمی.

سەرەڕای توندیی ململانێیەکە و توندوتیژیی و تاڵی و دەرەنجامەکانی کە خۆی لە نەبوونی متمانە لە نێوان هەردوو لا دەبینێتەوە، بەرپرسیاریەتی ئەم سەرکردانە بەرامبەر بە دەرهاوێشتەکان و بارودۆخی باشووری سودان تەنیا بەململانێی ئەم دواییەیان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو سەرنەکەوتنیان لە دانانی بنەمایەك بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی نیشتیمانی کە هەموو نەوەکانی باشوور بتوانن تێیدا بژین بە نەژاد و هۆز و کەلتور و ئایینە جیاوازەکانیانەوە و لە جیاتی ئەو ململانێیەی هەیە لەسەر دەسەڵات و سامان کە ئێستا وردەکارییەکانی ئەم



بابەتە بە روونی دیار دەکەوێت لە کاتێکدا زۆرینەی رۆڵەکانی باشوور، لە ململانێیەکدا کە کێشەی پەرەپێدان و نەهێشتنی گەندەڵی و کێشە راستەقینەکانی هاووڵاتی باشوور بۆ باشتر کردنی بواری تەندروستی و پەروەردە و رێگاوبان و دابینکردنی ئاوی پاك و خۆشگوزەرانی دەناڵێنن.

رەنگە میانگیری و فشارە نێودەوڵەتییەکان ببنە هۆکاری هێنانەدی سەقامگیری بۆ باشوور، چونکە ئەم لایەنانە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر بەرپرسن لە رووداوەکانی باشوور و سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان بە چیرۆکی سەرکەوتنی خۆیان دەزانی، بەڵام رەخنەیەکی زۆریان ئاراستە دەکرد لەبەر نەبوونی فشاری پێویستی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ململانێیەکە و مەترسییەکانی درێژەکێشانی ململانێیەکە، بەڵام ئەم چارەسەرەی کە هێزە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی هێنانەدیی دەدەن بۆ گەیشتن بە ئاشتی و دەرخستنی بێ تاوانیی خۆیان، ئەگەر بێتە دی دیسان لەرزۆك و کاتی دەبێت و مەترسی دارمانی سەر لە نوێی لێدەکرێت لە هەر چرکە ساتێك و گەڕانەوەی سەر لەنوێ و خۆ بەخۆ لەناوبردن، ئەگەر کارێکی جددی نەکرێت بۆ بونیاتنانی دامەزراوگەلێکی دەوڵەت لە باشوور لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی نەك خێڵەکی، ئەم کارەش پێویستی بە سەرکردایەتی و نوخبەیەکە کە بەرژەوەندی نیشتمانی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی تاکە کەسییەوە.



**کۆماری باشووری سودان**

| | |
|---|---|
| **پایتەخت:** | جۆبا |
| **زمانی فەرمی:** | ئینگلیزیی |
| **کۆمەڵە نەژادییەکانی:** | دینکا، شلك، نویر، زاندی |
| **نازناوی خەڵکەکەی:** | باشووریە سودانییەکان |
| **سیستمی حوکمرانی:** | کۆماری سەرۆکایەتیی دیموکراتیی فیدرالی. |
| **سەرۆکی دەوڵەت:** | سیلڤاکیر میردیت |
| **دەسەڵاتی یاسادانانی:** | ئەنجومەنی یاسادانانی باشووری سودان. |
| **ئەنجومەنی باڵا:** | ئەنجوومەنی ویلایەتەکانی باشووری سودان. |
| **رووبەر:** | ٦١٩،٧٤٥ کم٢ واتە ٢٣٩،٢٨٥ میل دووجا |
| **ژمارەی دانیشتوان:** | لە نێوان ٧.٥ - ٩.٧ ملیۆن کەسە |
| **دراو:** | جونەیهی باشووری سودان |